له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئایا

# (وێنەی فۆتۆگرافی)

# حەرامە ؟

حكم التصوير الفوتوغرافي


نوسینی/ وليد بن راشد السعيدان

گرنگی پێدان و تەخریجی حەدیسەكانی/ سالم بن ناصر القريني

**وەرگێڕانی/ زریان سەرچناری**

**پێداچونەوەی/ مامۆستا ئاكۆ محمد عبدالله**

**پێشنوێژو وتاربێژی مزگەوتی ئەندازیاران / كەلار**



**چاپی یەكەم** ١٤٣٢ ك


---


**ماڵپەری بەهەشت**

**ba8.org**


**ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحیم

پێداچونەوەی ئەم کتێبەم کرد، کە مامۆستا زریان سەرچناری وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی ، بەڕاستی کارێکی بەسودی کردووە ، خوای پەروەردگار پاداشتی چاکەی باتەوە.

**باوکی عبد الرحمن ئاکۆ محمد عبد الله**

**وتاربێژی مزگەوتی ئەندازیاران/ کەلار**

٨ / ٤/ ٢٠١١

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ، صلى الله عليه وعلى آله وصحبه وسلم تسليماً كثيراَ أما بعد : –

یەكێك لەو بابەتانەی كە لەم سەردەمەدا مشتومڕێكی زۆری لە سەرە : مەسەلەی وێنەگرتنە بە تایبەتی (وێنەی فۆتۆگرافی) ، بۆیە هەندێك لە زانایان خوا پلەیان بەرزتربكاتەوە و باشترین پاداشتیان بداتەوە، لەوانەیان كە مردون خۆشبێت و زیندوەكانیان دامەزراو بكات لەسەر حەق، ئیجتهادێكیان هەڵبژاردووە ئەویش ئەوەیە كە ڕێیان پێداوە، وە چەند بەڵگەیەكیشیان بۆ هێناوەتەوە، هەڵبەتە ئەوانەیان كە ئەم ئیجتهادەیان هەڵبژاردووە بێگومان لە دوای هەوڵێكی زۆر و گەڕان بەناو بەڵگەكاندا بووە نەك هەر لە خۆیانەوە، وە لە یاساكانی شەریعەتیشدا هاتووە : هەر زانایەك بە هەموو توانایەوە هەوڵ بدات بۆ تێگەیشتن لە بابەتێك ئەوا پاداشتێكی بۆ دەنوسرێت لە لایەن خوای گەورەوە، چونكە ئیجتیهادی كردووە (مُجْتَهِد)یش واتە: ئەو زانایانە دەكات كە پلەیەك لە زانایی دەزانن دەتوانێت حوكمی شەرعی لە بەڵگەی نادیارو ئاڵۆزەكان دەربهێنێت، بەو

هەوڵە کە دەیدات دەبێتە خاوەنی یەك پاداشت ئەگەر ڕاستی نەپێکا، وە ئەگەر پێکای و مەسەلەکەی وەك خۆی بۆ ڕوون بۆوە ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە، پاداشتی هەوڵ دانەکەی وە پاداشتی دۆزینەوەی ئەو ڕاستیە، کەواتە تەماشای بەرزو بڵندی ئەم ئیسلامە بکە، چەندە دادپەروەر و چەندە مەزنە، ڕەحمەتی خوا بەلێشاو بڕژێت بەسەر ئەو زانایانەدا کە ئەم ئیسلامەیان بە ئێمە گەیاندووە، خوایە بە میهرەبانی خۆت پلەیان بەرز بکەیتەوە لە دونیاو قیامەتدا، لە بەر ئەو کاریگەریە باشەیان لە سەر موسوڵمانان.

هەرچەندە دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە تەواوێتی ڕەها (الْكَمَالُ الْمُطْلَقِ) تەنها بۆ خوای گەورەیە، وە هیچ مرۆڤێك بێ کەموکوڕی نابێت، چونکە لە سەرو هەموو زانایەکەوە زانا ترێك هەیە، وە پێویستە لە سەرمان کە حەق و ڕاستی وەربگرین لە هەرکەسێکەوە پێمان بگات وە ناحەقیش ڕەد بکەینەوە لە هەرکەسێکەوە پێمان بگات، چونکە ئەمە دینە هەواو هەوەس هیچ دەور نابینێت تێیدا، دەبێت هەڵسەنگاندنی خەڵکیش لە لامان بە گوێرەی ئەوەبێت کە چەندێك لە حەقەوە نزیکەو چەندە حەقی لەلایە، نەك بە پێچەوانەوە بە خەڵکدا حەقمان بۆ دەرکەوێت و بڵێین:(چونکە فلانە مامۆستا وای گوت و وای کرد ئەوا ئەو کردارو گوفتارە حەڵاڵەو حەقە) وە هەروەکو گوتراویشە(بۆ ئاقڵان ئیشارەتێك بەسە).

ئەم مەسەلەیەش کە واین لەخزمەتیدا، لە ڕاستیدا حوکمەکەی لە شەرعدا دیارە و بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای لەسەرە، والله أعلم.

## (بەشی یەکەم)

لە شەرعی ئیسلامدا پێویست کراوە لە سەرمان واتە (واجب)ـە کە هەرکێشەو گرفتێکمان هەبوو دەربارەی حوکمی هەر مەسەلەیەك، بۆ ئەوەی ڕاستیەکەیمان بۆ ڕوون ببێتەوە، دەبێ بیگەڕێنینەوە بۆ (الكتاب و السنة) واتە: کتێبی خوا کە قورئانە وە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرمودە صەحیحەکانێتی، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ [النساء] .

واتە: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوداو کاربەدەستانی خۆتان بن، هەرکاتێکیش لەسەر شتێ لەنێوخۆتاندا پێك نەهاتن، کێشەی خۆتان بگەڕێننەوە بۆلای خواو پێغەمبەری خودا، ئەگەر بڕواتان بە خوداو بە ڕۆژی دوایی هەیە، ئەم کارە بۆتان باشترەو ئاکامی چاکتری هەیە .

ئەم ئایەتەش لە چەند ڕویەکەوە لێکدەدەینەوە :

**یەکەم**: کە دەفەرموێت: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ﴾ ئەمە مەرج دانانێکە، وە وشەی (شَيۡءٖ ) نەناسراوە واتە (نَكِرة)یەو لە (أصول)دا بەرقەرارەیەکی یاسای هەیە کە دەڵێت : (النَّكِرَةُ فِي سِيَاقِ الشَّرْطِ تَعُمُّ).

واتە: هەر کاتێك وشەیەکی نەناسراو بە مەرج گیرا، ئەوە واتەکەی گشتگیر دەبێتەوە، کەواتە هەر مەسەلەیەك (گەورە بێت یان بچوك، کۆن بێت یان نویٚ) مشتومڕی تێکەوت دەربارەی حوکمە شەرعیەکەی، کەئایا حەڵاڵە یان حەرامە یان شتی ترە... ئێمە لە لایەن خوای گەورەوە فەرمانمان پیٚ کراوە بۆ دۆزینەوەی حوکمەکەی بیگەڕێنینەوە بۆ قورئان و فەرمودە، وە هەرکەسێك بابەتێك لە بابەتەکان جیابکاتەوەو بڵیٚ نایگەڕێنینەوە بۆ قورئان و فەرمودە، ئەوا خۆی لەو یاسا گشتیە دەدزێتەوە کە خوای گەورە دایناوە، هەرچەندە لە یاسا شەرعیەکاندا هاتووە : (الأصلُ هوَ البقاءُ على العمومِ حتَّى يرِدَ النَّاقلُ) .

واتە: دەبێت لە سەر ئەو حوکمە گشتیە بمێنینەوە مەگەر بە ئایەتێك یان فەرمودەیەکی تر ئینجا لێی لادەین.

**دووەم** : کەدەفەرموێت: ﴿فَرُدُّوهُ﴾ ئەمە فەرمانی خوای گەورەیە، لە یاسا گشتیەکانی شەریعەتدا هاتووە، هەر فەرمانێکی ڕەها کە لە قورئان و فەرمودەدا هات ئەوە مانای وایە پێویستە (واجب)ـە لە سەر موسوڵمانان کە جیٚ بەجێی بکەن(الأمرُ المطلقِ عَنْ القرائِنِ يُفيدُ الوجوبَ إلا بقرينةٍ صارفةٍ).

وە جێبەجیٚ نەکردنی ئەو فەرمانە، تاوانە و مرۆڤی موسوڵمان پێی تاوانبار دەبێت، مەگەر (قَرينة)یەك ئەو(واجب) بونەی لابدات لە سەریان، قەرینە: واتە ئایەتێك یان فەرمودەیەکی تر کە ئەو فەرمانە ڕوون بکاتەوە، حوکمەکەی لە واجب

بونەوە بکات بە سوننەت و هتد. کەواتە لەم بەڵگەیەدا کە دەفەرموێت: ﴿فَرُدُّوهُ﴾ واجبە لە سەرمان کارە مشتومڕ لە سەرکراوەکەمان بگەڕێنینەوە بۆ قورئان و فەرمودە، نەك بە هەڵبژاردن و ویست و ئارەزوی خۆمان بێت، ئەگەر ئارەزومان لێ بوو بیگەڕێنینەوە بۆ قورئان و فەرمودە وەئەگەر نەمان ویست نەیگەڕێنینەوە، هەرکەس بەهەر ناوێکەوە و بەهەر بیانویەك وا بکات، ئەوە دیارە کە نوقوم بووە لە هەواو ئارەزوەکانیدا! پەنا بەخوا ، خواش زاناترینە، **والعياذ بالله، والله أعلم.**

**سێیەم**: کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ خوای گەورە ئیمانی بەستۆتەوە بەو ﴿فَرُدُّوهُ﴾ وە، ئەمەش هەر لە یاسا گشتیەکانی شەرعدا هاتووە: (**كلُ فعلٍ نفى اللهُ الإيمانَ عنْ فاعلِهِ فَلِحُرمَتِهِ ، وكلُ فعلٍ نفى اللهُ الإيمانَ عنْ تارِكِهِ فَلِوجوبِهِ**).

واتە: هەر کارێك خوای گەورە ئیمانی داڕنی لە بکەرەکەی ئەوە مانای وایە ئەو کارە حەرامە، هەر کارێکیش خوای گەورە ئیمانی داڕنی لە وازلێهێنەرەکەی ئەوە مانای وایە ئەوکارە(واجب)ـە و وازلێهێنانی حەرامە، ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیمانی تەواوەتی کەسێك دانامەزرێت و نایەتەدی بەو گەڕاندنەوەیە نەبێت بۆ قورئان و فەرمودە، ئەم ئایەتەی تریش پاڵپشتی ئایەتەکەی پێشو دەکات کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ

حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ [النساء]

واتە: نەخێر، سوێند بە پەروەردگاری تۆ، ئەمانە نابنە خاوەنی باوەڕ هەتاکو لەکێشەو هەرای نێوان خۆیان – ئەی موحەممەد – نوتکەن بە دادوەر، وە بە هەر فەرمانێ تۆ بیدەیت لە دڵەوە ڕەزامەند بن، و بە تەواوی مل کەچی بن.

کەواتە گەڕاندنەوەی بابەتە مشتومڕ لە سەرکراوەکان مەسەلەیەکی جیاکەرەوەیە لە نێوان ئیمانداران و دوڕوەکاندا، چونکە کەسانی دووڕو بۆ زانینی حوکمی شتەکان ناگەڕێنەوە بۆ یاساو حوکمی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هەر چەندە بە سەرزارەکی لاف ئەوەش لێ دەدەن کە باوەڕیان هێناوە بە و قورئانەی کە دابەزێنراوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لە لایەن خوای گەورەوە، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ حوکمی تاغوت و ملهوڕەکان، وە بەگوێرەی هەواو هەوەسی خۆیان حوکم دەدەن بەسەر شتەکاندا.

ئەوەتا خوای گەورە ئابڕویان دەبات و پەردە لە سەر نهێنیە پیسەکانی ناو دڵ ودەرونیان لادەبات ، کە دەفەرموێت : ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن

يَكۡفُرُواْ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا ٦٠ وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ مَآ
أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيۡتَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودٗا ٦١ ﴾ [ النساء].

واتە: ئایا ئەوانەت نەدیوە، خۆیان وادەردەخەن بەو قورئانەی بۆتۆ هاتۆتە خوارەوەو بەو کتێبانەش کەبەر لەتۆ نێردراون بڕوادەکەن ، دەشیانەوێ کێشەیان بەرنە لای تاغوت، فەرمانیشیان پێدراوە حاشای لێبکەن، دیارە شەیتان دەیەوێت لە ڕێگەیان لابدات* ئەگەر بێت و پێیان بلێن: وەرنەلای ئەم قورئانەوە کە خوا ناردویەتیە خواریّ و وەرنە لای ئەم پێغەمبەرە، دووڕووەکان دەبینی کە زۆر بە توندی ڕویان لە تۆ وەردەگێڕن.

کەواتە ڕاستی ودروستی ئیمان ئەو ئایەتە دەری دەخات کە دەفەرموێت: ﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ﴾ وە دووڕوییش خوا پەنامان بدات ئەم ئایەتە دەری دەخات کە دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ﴾.

جا برای بەڕێزم! لەو دوو تاقمە کامیانت بەلاوە خۆشەویست ترو باشترە؟ ئیمانداری یان دووڕویی؟ خۆ ئێمە لە هەر کۆمەڵێکیان بین ئەوا خوای گەورە خۆی (الغني الحميد)ـە واتە دەوڵەمەندێکە پێویستی بەکەس نییە و لەهەموو حاڵەتەکانیشدا سوپاس کراوە، ئێمە دەست کورتین و داماوین بۆ نیعمەتەکانی خوای بەرزو بڵند، ئێستا کە بۆمان ڕوون بۆوە لەسەرمان واجبە بگەڕێینەوە بۆ

لای قورئان و سوننەت ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە دەزانـین کـە بڕیـاری یـەکلا کـەرەوەی تێدایە بۆ هەر بابەتێك کە جێگەی مشتومڕمان بێت، خواش زاناترینە، والله أعلم.

مەبەستەکەیشمان کە(وێنەی فۆتۆگرافی)یە، یەکێکە لەو بابەتانـەی دەبێـت بـۆ زانـینی حوکمەکـەی لەئیسـلامدا، بیگەڕێنینـەوە بـۆ (الكتاب والسنة) قورئـان و سوننەت.

**چوارەم**: خوای گەورە کە لـە کۆتـایی ئایەتەکـەدا دەفـەرموێت :﴿ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾ ئەمەش هەواڵێکی دڵخۆش کەرەیە خوای گەورە پێیداوین کە ئـەو گەڕانەوەیـەمان بـۆلای قورئـان و سـوننەت، باشـترین و سـەلامەت تـرین کـارە و سـەرەنجامێکی باشیشـی دەبێـت، چـونکە ئـەوە ڕاسـتیەکی هەسـت پێکـراوەو سەرەڕای ئەوەش تاقی کراوەتـەوە، وە گـومڕایی لـە شـوێن کـەوتنی ئـەو ڕێچـکە لارولەوێرانەدایە کە پێچەوانەی ڕێگای ڕاست و پەیڕەوە تۆکمەکەی ئیسلامن.

ئەم بابەتەی ئێمەش کە باسی لێوەدەکەین ، ئەگەر بمانەوێت توشـی خێـربین و سەرەنجامێکی باشیشمان دەست بکەوێت، ئەوا با بەگوێی فەرمانی خوا بکەین و بیگەڕێنینەوە بۆ (اللَّهُ وَالرَّسُولِ ﷺ) .

سـەرجەم زانایـانیش "ڕەحمـەتی خوایـان لێبێـت" بۆچـونیان وایـە کـە گەڕاندنەوە بۆ(الله) واتا بۆکتێبەکەی خوا کە قورئانە، وە گەڕاندنەوە بـۆ (الرَّسُولِ

ﷺ) گەڕاندنەوەیە بۆ لای خودی خۆی کە لە ژیانـدا بـووە، وە لـەدوای مردنیشـی گەڕاندنەوەیە بۆ لای سوننەتە صەحیحەکانی(ﷺ).

داواکارم لـە خـوای گـەورە کـە ئێمـەش و ئێـوەش هیدایـەت بـدات بـۆ هـەموو گوفتارو کردارێکی باش، وە عاقیبەتمان بەرەوباشی بەرێت، وە داواکارم لە خـوای گەورە کە حەقمان بە حەق پیشانبدات و شوێن کەوتنی حەقمان پـێ ببەخشـێت و حەق وڕاستیمان لەلا خۆشەویست بکات، خـوای گـەورە لەهـەموان باشـترە داوای لێبکرێت و هەر ئەو پشت و پەنامانەو باشترین پەنایشە، خـواش زاناترینـە، حسبنا الله ونعم الوكيل، والله أعلم .

## (بەشی دووەم )

خوێنــەری بــەڕێز! ئەگــەر پێیــان گوتیــت جــا خــۆ وێنــەی فۆتــۆگرافی نــە لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) وە نـە لەسـەردەمی ئەسحابەکان و نـە لەسـێ سـەدە باشــەکەدا نــەبووە و پێشــینانمان هیچــیان دەربــارەی نــەگوتووە، بــەڵکو ئەمــە بابەتێکی نوێیە، ئیتر چۆن بڵێین: بـۆ زانـینی حوکمەکـەی دەیگەڕێنینـەوە بـۆ لای قورئان و سوننەت؟.

تـۆش پێیـان بڵـێ: ئەمەیـە دووڕیـان و جیاکـەرەوە لـەنێوان ئەوانـەی کـە لـە ئیسلامدا تەنها بابەتە فەرعیەکان دەزانن، وە ئەوانەی کە یاساو بنـەماکانی شـەرع بەباشی دەزانن، وە من هەمیشـە لـە بۆنـە جیاجیاکانـدا ئـەوە بـیری ئامـادە بـوان دەهێنمەوە کە فێربونی زانستە شەرعیەکان لە ڕێگەی فێربونی یاسـاو بنـەماکان و بەڵگـەکانیان دەبێـت، وە گەڕاندنـەوەی بابەتـە فەرعیـەکان بـۆ سـەر یاسـا گشـتی یەکان، کە ئەمەش باشترین ڕێگەیە بۆ فێربونی زانستە شـەرعیەکان چـونکە ئەمـە یاسایەکی قورئانییە ، کەواتە هەرچەندە فێرخواز بابەتە فەرعیەکان دەرخ بکات و لە بەریشیان بکات، کە بۆی کۆنابنـەوە لـەژێر یـەکێك لەبنـەماو یاسـا گشـتیەکاندا ئەوە کـەم تەرخـەمی یەکـە لەفێرخوازەکـەوە، بۆیـە ئەگـەر بچیتە دەرەوەی ئـەو بابەتە فەرعیانەی کەئەو لەبەری کردوون، دەبینی دەمی دەبێت بـە تەڵـەی تـەقیو وە سـەری شـۆڕدەبێت، چـونکە هیچـی پـێ نامێنێـت، ئەمـەش وەکـو وتمـان کەمتەرخەمی یەکی دیارە لە لایەن فێرخوازانەوە، بـەڵام ئـەو کەسـەی کـە هـەوڵی

داوه فێری بنەماو یاسا گشتی یەكانی شەریعەت ببێت، لە بەری كردوون و بەڵگەكانیان دەزانێت وه بەباشی دەتوانێت بابەتە فەرعیەكان بگەڕێنێتەوه بۆ یاسا سەرەكیەكان و بنەما گشتی یەكان، ئەوا بە پشتیوانی خوا هیچ شتێك لەم داهێنراوه نوێیانە ڕای ناوەستێنن و حوكمی هەموویان باش دەزانێت چونكە ئەم، بنەما سەرەكی یەكانیان دەزانێت وه یاساگشتی یەكانی لەلایە.

بۆیە ئامۆژگاریم بۆ ئەوكەسانەی كە دەیانەوێت لە ئیسلام شارەزابن، با زۆر زۆر گرنگی بدەن بە فێربونی یاسا و بنەما سەرەكی یەكانی ئیسلام (الْقَوَاعِدُ الْأُصُولِيَّةِ) چونكە بە بنەماو یاساكان شارەزایی تەواو بەدەست دێنین.

ئەمانەش چەند كتێبێكن كە لەو بارەیەوه نوسراون :

١ – " تَخْرِيجِ الْفُرُوعِ عَلَى الْأُصُولِ "ی ئیمامی زەنجانی .

٢ – " التَمْهِيدِ فِي تَخْرِيجِ الْفُرُوعِ عَلَى الْأُصُولِ "ی ئیمامی ئەسنەوی .

٣ – " القواعد والفوائد "ی ئیمامی ئیبنو لەححام .

هەرچەندە لەم ڕۆژگارەماندا زانستی بنەماكان(عِلْمُ الأصولِ) شێوەیەك لە پشتگوێ خستن و دورکەوتنەوەی فێرخوازانی پێوه دیاره، لە بەر چەند هۆكارێك كە ئاماژەم پێ كردوون لە كتێبێكمدا بە ناوی (تحرير القواعد ومجموع الفرائد).

ئێمە بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین : شەرعی خوای گەورە بێ کەموکوڕیە و لەلایەن خوای گەورەوە تەواو و تۆکمە کراوە بۆمان، پێویستمان بەکەس نی‌یە کە چاکسازیمان بۆ بکات تێدایدا تەنها پێویستمان بە زانایانی لە خواترس و (مُجَدِّد)ە نوێ کەرەوەکان هەیە، کە لە دوای بیرچونەوەو کەم بونەوەی زانستە شەرعیەکان سەر لەنوێ بیری خەڵکی دەخەنەوەو ئاشنایان دەکەنەوە بەدینی خوای گەورە وەکو خۆی نەك بە گوێرەی گونجاندنی لەگەڵ هەواو هەوەسی خۆمان!!! ئەوەتا خوای گەورە خۆی دەفەرموێت:﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ٣﴾ [المائدة]

واتە: ئەمڕۆ دینەکەتانم بۆ تەواوکردن و چاکەکانی خۆمم بەتەواوی پێتان بەخشی و ڕازی بوم بە ئیسلام ئاینتان بێت.

یان دەفەرموێت:﴿مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ٣٨﴾ [الأنعام].

واتە: ئێمە لە ناو ئەم کتێبە هیچ شتێکمان لەبیرنەکردووە.

هەرچەندە لەم ئایەتەیاندا گوتراوە کە (الْكِتَابِ) مەبەست لە قورئانە وەگوتراویشە کە مەبەست پێی(لوح المحفوظ)ـە، ئەم دوو تەفسیرەش پێچەوانەی یەك ناوەستنەوە، چونکە یاسایەکمان هەیە لە عیلمی تەفسیردا کە دەفەرموێت:( اللفظُ إِذا فُسِّرَ بِتَفْسيرَينِ لا تَنافيَ بَينَهُما، حُمِّلَ عَلَيهِما).

واتە: ئەگەر ووشەیەك لە قورئاندا بە دوو شێواز تەفسیر كرابوو وە ماناكانیـان دژی یەك نەدەوەستان ئەوا كێشەنیە بەڵكو بە هەردوو شێوازەكە لێك دەدرێتەوە.

كەواتە لەو ئایەتەدا كە دەفەرموێت: ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ﴾ وشـەی ﴿ مِن شَيْءٍ ﴾ نەناسـراوە (نَكِرَة)یـە، هـەروەك گوتیشـمان ئەگـەر هـەر وشـەیەكی نەناسراو لە ڕستەدا بە شێوازی (نەریٚ واتـە: نفـی) هـات ئـەوە ماناكـەی گشـتگیر دەبێتەوە، كەواتە حوكمی هەموو شتەكان لە قورئاندا هەیە( هەركەس بڵێت وانیە كەواتە پەنا بەخوا، خـواو پێغەمبەرەكـەی (ﷺ) بەدرۆدەخاتـەوە، چـونكە خـوای گەورە دەفەرموێت حوكمی شتەكان لەقورئان و فەرمودەدا ڕوون كراوەتەوە بەڵام ئەوەی شوێن كەوتەی هەواو ئارەزوەكانێتی دەڵێت نەء من باشـتر دەزانم حـوكمی هەندێك شتیان لە بیر چووە !!!).

جا حوكمی ئەو بابەتە، یان بە شێوەی (نەصصی) یە، واتـە بـە تایبـەتی باس لەو بابەتەكراوە، یان بە شـێوەیەك كـە باسـی بابـەتێك دەكـات وە زۆر شـتی تریش لەخۆ دەگرێت، یان بە شـێوەی پەیوەسـت بوونـە ( إما نصاً ، وإما تضمناً ، وإما التزاماً ).

كەواتە قورئان چەند یاسا و بنەمایەكی گشتی بۆ داڕشتوین، بە شـێوەیەكی وا ئەگەر حوكمی هـەر بابـەتێكت بوێـت ئـەوا بـە بۆنـەی ئـەو یاسـایانەوە بـۆت ڕوون دەبێتەوە.

مەسەلەی وێنـەی فۆتـۆگرافیش یەکێکـە لـەو بابەتانـەی کـە حوکمەکـەی لـەو یاسایانە وەردەگیرێـت و حوکمەکـەی لـە شـەریعەتی ئیسـلامدا ڕوون و ئاشـکرایە، هەروەك چۆن ئێستا بۆت ڕوون دەکرێتـەوە(إن شاء الله) بـەڵام هەنـدێك جـار هەڵـە لەبیرکردنەوەی(مجتهد)ە کەدا دروست دەبێت کاتێك دەڕوانێتە بەڵگەکان سەرەڕای ئەوەی هەندێك لەموجتەهیدەکان ئەوەندە کێشە بۆخۆیان دروست دەکەن ڕۆشـنی بەڵگەکانیان لەبەر چاو لێڵ دەکات.

بە هەرحاڵ مەسەلەی وێنەی فۆتۆگرافی هەرچەندە شتێکی تازەیـە، بـەڵام ئـەو بنـەماو یاسـا شـەرعیانەی کـە حوکمەکـەیمان بـۆ ڕوون دەکەنـەوە کۆنن و لەگـەڵ هاتنی ئیسلامدا هەرهـەبوون ئـیتر کـە ئێمـە نەمانبیسـتون یـان نـەمانزانیون ئـەوە کەمتەرخەمی لە خۆمانەوە بووە نەك بڵێین : ئەی بـۆ جـاران شـتی وا نـەبوو ؟ وە هـەمووومان ئـەوە دەزانـین کـە شـەریعەتی ئیسـلام گونجـاوە بـۆ هـەموو کـات و سەردەمێك ئەگەر هەندێك شـت ئێسـتا یـان لـە داهـاتودا پەیـدابن و بێنەکایـەوە، هەرکەسەو بە ئارەزوی خۆی دەمیان لـێ بکـوتـێ و حـوکم بـدات لـە سـەریان ئـەوە دەیانەوێت ئیسلام ناشرین بکـەن لـەلای خـەڵك، وە وا لـە خـەڵك تـێ بگەیـەنن کـە ئیسـلام بەسـەر چـووەو بەکـەڵکی ئێسـتاو داهـاتوو نایـەت ! ! ! هیدایەتـدراویش ئەوکەسەیە کە خوا هیدایەتی بدات بۆ زانیاری بە سـود و کـردەوەی بـاش، (جَعَلَنا اللهُ وإياكَ مِنهُمْ ، وَهوَ أَعلى وأَعلمْ ) خـوای گـەورە ئێمـەش و ئێـوەش بگێڕێـت لـە وان، خوای گەورەش هەرخۆی بەرزترین و زاناترینە.

## ( بەشی سێیەم )

جا کە ئەو بابەتانەی سەرەوەتان زانی و بەباشی لێیان تێگەیشتن، فەرموون بابچینە سەر ڕونکردنەوەی بابەتی وێنەی فۆتۆگرافی، بە پشتیوانی خوای گەورە و داواکردنی یارمەتی لێی، دەڵێم :

بزانە "خوا یارمەتیت بدات بۆ گوێڕایەڵی خۆی " وێنە لەم دوو جۆرە تێناپەڕێت:

یان وێنەی شتە بێ گیانەکانە، وەك دارودرەخت و ئاو و بەروبوم و دانەوێڵەو شاخ و خانو و لەم بابەتانە، ئەم جۆرەیان هیچ حەرامیەکی تێدانیەو قسەمان لەسەری نیە و سەرجەم زانایانیش هەروایان گوتووە، هیچ خیلافێکمان تێدا نەبینیوە مەگەر خیلافێکی زۆر دەگمەن نەبێ.

### بەڵگەی شەرعی بونی وێنەی شتە بێ گیانەکان ئەمانەن:

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((مَنْ صَوَّرَ صُورَةً فِي الدونيا كُلِّفَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنْ يَنْفُخَ فِيهَا الرُّوحَ ، وَلَيْسَ بِنَافِخٍ))[1].

واتە: هەرکەسێك لەم دونیا، هەرجۆرە وێنەیەك بگرێت یان بکێشێت، ئەوا خوای گەورە لەو دونیا داوای لێدەکات کە ڕۆح بکاتەوە بەبەر ئەو وێنەیەدا،

---

(١) أخرجه البخاري رقم (٥٩٦٣) ، ومسلم (٥٥٤١) من حديث النضر بن أنس .

ئەمیش ناتوانێت ئەو کارە بکات، چونکە ئەوکارە تەنها کاری خوای دروستکەرە نەك مرۆڤێکی دروست کراو )، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئەوشتەی کە خۆی بێ گیان بێت وێنەگرتنی هیچی تێدا نیە ، چونکە هەڕەشەکە لە سەر ئەو شتانەیە کە گیانیان تێدابێت.

وە لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت: ((إِنَّ الَّذِينَ يَصْنَعُونَ هَذِهِ الصُّوَرَ يُعَذَّبُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُقَالُ لَهُمْ أَحْيُوا مَا خَلَقْتُمْ))[٢].

واتە: ئەوکەسانەی کە ئەم وێنانە دروست دەکەن سزا دەدرێن لە سەری لە ڕۆژی قیامەتدا، وە پێیان دەگوترێت: ئەمانەی کە دروستتان کردون فەرموو ئەگەر ئەتوانن بیانژێننەوە.

دوبارە ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی وێنەگرتنی شتە بێ گیانەکان ئەو هەڕەشەیە نایان گرێتەوە، بەڵکو هەڕەشەکە بۆ کێشانی وێنەی ئەو شتانەیە کە گیان لە بەربن.

هەروەها ئەو فەرمودەیەی کە جوبرائیل (عليه السلام) بە پێغەمبەری (ﷺ) فەرموو: ((فَمُرْ بِرأسِ التِمثالَ يُقْطَعْ فَيَصيرُ كَهَيئَةِ الشَّجَرَةِ))[٣].

---

[٢] أخرجه البخاري رقم (٥٩٥١) من حديث ابن عمر .

[٣] أخرجه أبو داود رقم (٤١٥٨) ، والترمذي رقم (٢٨٠٦) ، وأصله في مسلم رقم (٥٥١١) دون قوله: فمر برأس التمثال يقطع فيصير كهيئة الشجرة .

واتە: فەرمان بدە کە سەری پەیکەرەکە ببڕدرێت، ئیتر لە شێوەی پەیکەر دەردەچێت و وەك داری لێ دێت.

بەڵگەیە لە سەر ئەوەی هەرکات وێنە لە سەر شێوەی دارودرەخت بێت ئەوا چونکە بێ گیانە هیچ حەرامێتی تێدا نییە ، بەم شێوەیە حساب بۆ هەموو بێ گیانەکان دەکرێت .

لەو بەڵگانەش ئەوەیە وێنەگرتنی بێ گیانەکان نابنە هۆیەك لەو هۆکارانەی کە بە بۆنەیانەوە وێنەگرتن حەرام کراوە، چونکە بێ گیان خۆی هەر لە وێنە دەچێت و جوڵەی تێدا نییە, خواش زاناترینە.

وە بەڵگەی تریشمان ئەو فەرمودەیەی (إبنُ عبّاس)ـە، کە کابرایەك هات بۆلای پرسیاری لێ کرد گوتی: من کەسێکم ئەم وێنانە دەکێشم، تکایە فەتوام بۆ بدەو حوکمەکەیم پێ بڵێ لە ئیسلامدا، ئەویش گوتی: وەرە لامەوە، لێی نزیك بۆوە تاکو دەستی خستە سەرسەری و پێی گوت، چیم لەوبارەیەوە بیستوە لە پێغەمبەر (ﷺ) منیش هەر ئەوەت پێ دەڵێم: گوێم لە پێغەمبەر بوو (ﷺ) دەیفەرمو: ((كُلُّ مصَوّرٍ في النّارِ يُجْعَلُ لَهُ بِكُلّ صُورةٍ صَوَّرَها نَفسٌ يُعَذَّبُ بها في جَهَنَّمَ))[٤].

(٤) أخرجه البخاري رقم (٢٢٢٥) ، ومسلم رقم (٥٥٤٠) .

واتــە: هــەموو وێنــەگرێك یــان وێنەكێشــێك دەخرێتــە ئــاگری دۆزەخــەوە، بــە ئەندازەی هەر وێنەیەك كە گرتویەتی نەفسێكی بۆ دروسـت دەكرێـت لـە دۆزەخـدا سزای بدات، پاشان (إبنُ عَبّاس) گوتـی: " إِنْ كُنْتَ لاَ بُدَّ فَاعِلاً فَاصْنَعِ الشَّجَرَ وَمَا لاَ نَفْسَ لَهُ " .

ئەم فەرمودەیەش دوو بەڵگەی تێدایە، یەكەمیان: فەرمووی بـە هـەر وێنەیـەك كە كێشاوێتی نەفسێكی بۆ دروست دەكرێت، واتە ئەگەر نەفسی نـەبێ وبـێ گیـان بێ كێشەنی یە، وە بەڵگـەی دووەمـیش ئەوەیـە كـە (إبنُ عَبّاس) فـەرموی: ئەگـەر هەردەتەوێت وێنە بكێشیت، وێنـەی درەختێـك یـان بـێ گیانێـك بكێشـە، ئەمـەش گوتـەی ئەسـحابەیە و پێچـەوانەی هـیچ بەڵگەیـەكی شـەرعی نـە بۆتـەوە، وە هـیچ ئەسـحابەیەكی تـریش خـیلافی ئەمـەی نـەگوتووە، لەبـەر ئـەوە دەبێـت بـە بەڵگـە هەروەك لە یاسا شەرعیەكاندا ئاماژەی پێ كراوە.

ئەم بەڵگانەش ڕوونیان كردەوە كەگرتنی یان دروست كردن و كێشانی وێنـەی بێ گیان ڕێ پێدراوە، زۆرینەی زانایانیش لە سەر ئـەم بۆچـونەن، هـەروەها (شیخُ الإسلامِ أَبو العبّاس إِبْنُ تَیْمِیة) بە ڕەحمەت بێـت ئـەم بۆچـونەی هەڵبـژاردووە، والله أعلم.

هەروەها ئەگەر وێنەی گیانلەبەر بێت، ئەوا لەم سێ جۆرە بەدەرنییە :

**جۆری یەکەم**: یان وێنەکە سێبەردار دەبێت وەکو: (بت و هەیکەل و پەیکەر) بۆ نمونە کەسێك وێنەی گیاندارێك هەڵبکەنێت لە بەردێك یان دارێك یان بە قوڕ یان شوشە و هاوشێوە کانیان، نەحت بێت یان سیرامیك بێت، ئەم شێوازەیان ئەوەندەی من بزانم بە کۆڕای زانایان حەرامە ( مُحَرَّمٌ بِالإِجْمَاعِ ) خواش زاناترینە •

چونکە ئەم شێوەیەیان هاوەڵپەیداکەرەکان پێی هەڵساون بۆ دروستکردنی بتەکانیان، لە پێشدا بتەکانیان پەیکەر نەبوون هەر بەردودار بوون کە دەیان پەرستن، پاشان دایانتاشین لە شێوەی مرۆڤدا، وە یان لە شێوەی گوێرەکە دا، پاشان لە ئاڵتون و زێڕو زیو دروستێدان دەکردن، وە لە شێوەی گوێرەکەدا دروستیان دەکرد کە دەنگێکی لێوەدەهات، ئابەم شێوەیە توشی فیتنە بوون.

ئەم جۆرەیان هەموو کەس دانی ناوە بەوەدا کە حەرامە چونکە بناغەی هاوەڵ پەیداکردن (الشَّرْكُ) بووە لە جیهاندا.

بە صەحیحی گێڕدراوەتەوە لە (إبنُ عَبّاس)ەوە دەربارەی ئەم ئایەتە: ﴿ وَقَالُوا۟ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا ﴿٢٣﴾ ﴾[نوح]

فەرمویەتی ئەمانە واتە: "وَد و سُوَاع و يَغُوثَ و يَعُوقَ و نَسْرا" ناوی پیاو چاکانی قەومی نوح بوون، کاتێ کە مردون و تێداچون، شەیتان خستویەتیە دڵی خەڵك، کە پەیکەریان بۆ دروست بکەن و لە شوێنەکانی خۆیان دایان بنێن و بە

ناوی خۆیانەوە ناویان بنێن، خەڵکیش دروستـتێدانکرد بۆیـان، لـە سـەرەتاوە ئـەو بتانە نە دەپەرستران هـەتاكو ئەوانـەی كـە دروسـتێدان كردبـوون مـردن، پاشـان خەڵكی دوای ئەوان زانیاریان نەماو دەستێدانكرد بە پەرستنیان[٥].

(ئیبنو جەریر)یش گێڕاوێتیەوە: كە (یغوث ویعوق ونسرا) كۆمـەڵێكی بـاش بون لە ناو نەوەی ئادەمدا، شوێن كەوتوانیان هەبووە كە چاویان لێدەكردن، ئیتر كاتێـك كـە مـردوون، هاوڕێكانیـان گوتویانـە ئەگـەر وێنـەیان بكێشـین و لـە بـەر چاوماندا دایانبنێین ئەوا بە یادی ئەوانەوە باشتر خـوا پەرسـتیمان پـێ دەكرێـت، جا كە ئـەمانیش مـردوون و خـەڵكی تـر هـاتوون (ئیبلـیس) هاتۆتـە لایـان و پێـی گوتـون: ئەوانـەی پـێش ئێـوە ئـەم بتانـەیان دەپەرسـت و داوای بارانیـان لـێ دەكردن، ئەمانیش پەرستنیان[٦].

وە لە كتێبە صەحیحەكاندا هاتووە كە عائیشە ڕەزای خوای لە سـەر بێـت دەیگێڕێتـەوە، كاتێـك كـە (ئـوم سـەلەمە) ڕەزای خـوای لـە سـەربێت باسـی ئـەو كەنیسەیەی كرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) كە لە حەبەشە بینیبوی وە وێنەی تێدا بـوو، پێغەمبـەریش (ﷺ) فـەرموی: ((أُولئِكَ إِذا ماتَ فِيهِم الرَّجُلُ أو العَبْدُ الصّالِحُ بَنَوا

---

[٥] أخرجه البخاري رقم (٤٩٤٠) .

[٦] أخرجه الطبري ( ٦٣٨/٢٣ ) . قال ابن جرير: حدثنا ابن حميد قال : حدثنا مهران عن سفيان عن موسى عن محمد بن قيس: فذكره.

على قَبْرِهِ مَسْجِداً، وَصَوَّروا فِيه تِلكَ الصّوَرُ، أولِئِكَ شِرارُ الخَلْقِ عِنْدَ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ يَومَ القيامَةِ))[٧].

واتــە: ئـەو کۆمەڵـە هـەرکاتێك کـە پیاوچـاکێکیان لـێ بمردایـە، مزگـەوتێکیان لەسەر گۆڕەکەی دروست دەکرد، وە ئەو وێنانەشیان تێدا دروست دەکـرد، ئەوانـە خراپ تیرینی خەڵکن لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا.

(إبنُ تيمية)ش بەڕەحمـەت بێـت فەرمویـەتی: فهؤلاء جمعوا بين فتنتين فتنة القبور، وفتنة التماثيل.

واتە:ئەوانە دوو خراپەیان تێداکۆبۆتەوە، خراپەی قەبر پەرستن و خراپەی بت پەرستنیش.

منیش دەڵێم بەڵکو زۆربەی ئایەتەکان بەڵگەن لە سـەر حـەرامێتی ئـەم جـۆرە وێنەیە کە وێنەی سێبەردارە، وە بۆیە زۆر درێژەی پێ نادەین چـونکە خـیلاف لـە حەرام بونیا نییە ، خواش زاناترینە.

---

[٧] أخرجه البخاري رقم (٤٢٧)و(٤٧٤)و(١٣٤١)و(٣٨٧٣) ، ومسلم رقم (٥٢٨) .

## ( بەشی چوارەم )

**جۆری دووەم:** ئەوەیە کە ئـەمڕۆ پێـی دەگوترێـت ( ڕەسـم یـا وێنـە ) واتـە مرۆڤ لە سەر پارچە پەڕۆیەك یـان لەسـەر دیوارێـك یـان لەسـەر کاغـەزێك یـا هـاو شێوەکانیان، وێنەی گیـان لەبـەرێك بکێشـێت، ئەمـەش لـەو جـۆرە وێنانەیـە کـە سێبەردار نین، ئەم جۆرەشیان هەر حەرامە بەڵام حەرامیەکەی وەك جۆری یەکەم نیـە، هەرچـەندە هــەردوو جۆرەکـە هــەر حــەرامن، ئــەم جــۆرەش ئــەو بەڵگانــە دەیگرنـەوە کـە لـە جـۆری سـێیەمدا دەیخەینـە ڕو، کـە ئـەو بەڵگانـە زیـاتر ئـەم جۆرەشیان دەگرنەوە.

لەو بەڵگە ڕوونانەش ئەوەیە کە ئیمامی موسلم"رحمه الله" گێڕاوێتیەوە، لـە عائیشــەوە کــە فەرموویــەتی: (كانَ لَنا سِترٌ فِيهِ تِمثالُ طائرٍ وكان الداخل إذا دخل استقبله). پـەردەیـەکمان هــەبوو وێنــەی باڵنــدەی تێـدا بـوو، هەرکـەس بهاتایاتـە ژورەوە لەکاتی هاتنە ژورەوەدا ڕشوبەڕوی دەبویەوە، ئـیتر پێغەمبـەر (ﷺ) پێـی گوتم:(حَوِّلِي هذا)[8] واتە: ئەوە بگۆرە.

هاوشـێوەی ئــەو فەرمودەیــەش لــە صــەحیحی بوخاریــدا هــاتووە هــەر لــە عائیشەوەیە دەفـەرموێت: ((دَخَلَ عَليَّ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) وَقَدْ سَتَرتُ سَهوةً لِي بِقِرامٍ

---

[8] أخرجه مسلم رقم (٥٥٢١) .

فِيهِ تِمْثالٌ فَلَمّا رَآه هَتَكَهُ وَتَلَوَّنَ وَجْهَهُ، وَقالَ يا عائِشَةَ: أَشَدُّ النّاسِ عَذاباً يَومَ القيامَةِ الذينَ يُضاهونَ بِخَلْقِ اللهِ))[٩].

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ژورەوە بۆلام (تاق)ێکمان هەبوو بە پەردەیەك داپۆشیبوو، ئەو پەردەیە وێنەی پەیکەری تێدابوو، ئیتر کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) پەردەکەی بینی ڕەنگی دەموچاوی گۆڕاو وێنەکەی لابرد، پاشان گوتی: ئەی عائیشە ئەو کەسانەی کە لاسایی دروستکردنی مەخلوقاتی خوای گەورە دەکەنەوە، سەخت ترین سزایان بۆ هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا.

وە ڕوون و ئاشکرایشە ئەو وێنەیەی کە لە پەردەکەدا بووە سێبەردارنەبووە، بەڵکو لەو وێنانە بووە کە بەدەست دەکێشرێت، وێنەش کە لە سەر پارچە پەڕۆیەك بکێشرێت بێگومان سێبەری نیە واتا ڕەسمەو پەیکەر نیە ، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) تێکوپێکیداو پێی ڕایگەیاند کە ئەو جۆرە وێنەگرانە سەخت ترین سزای خوایی دەدرێن، ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە وێنەی گیان لەبەران حەرامە کە بەدەست کێشرابێت با بێ سێبەریش بێت.

وە یەکێکی تر لە و بەڵگانە ئەوەیە کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) فەتحی مەککەی کرد، چووە ناو ژوری کەعبەوە بینی وێنەی تێدایە، هەندێك لەو وێنانەش وێنەی ئیبراهیم پێغەمبەر(عليه السلام)و ئیسماعیل پێغەمبەر(عليه السلام) بوون، کە

---

[٩] أخرجه البخاري رقم (٥٩٥٤) ، ومسلم رقم (٥٥٢٥) .

تیروپشکیان دەکرد(يَسْتَقْسِمَانِ بِالأَزْلاَمِ) وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی:((قَاتَلَهُمُ اللَّهُ ، لَقَدْ عَلِمُوا أَنَّهُمَا مَا اسْتَقْسَمَا بِهَا قَطُّ)).

واتە: دوعای کرد لە وێنەکێشەکەو فەرموی: خوا بیانکوژێت خۆ خۆیان باش دەیانزانی کە ئەو پێغەمبەرانە هەرگیز بەو شێوەیە تیروپشکیان نەکردووە.

ئابەم شێوەیە ئیمامی ئەحمەد لە (موسنەد)دا گێڕاویەتیەوە، وە ئیمامی (هَيثَمي)ش لە(مجمع الزوائد)دا ئەم زیادەیەی هێناوە : (فَجَعَلَ يُبْلِ ثَوباً بِالماءِ ويَمْحو تِلكَ الصّوَرَ)[10].

واتە: جلێکی تەڕکرد بەئاو وە ئەو وێنانەی پێ دەسڕیەوە، ئیمامی (ئەلبانی)ش بە صەحیحی داناوە، ئەصلی ڕوداوەکەش لە صەحیحدا هاتووە.

ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) ئیقراری لە سەر مانەوەی ئەو وێنانە نەکرد (بلێیت خۆ بێ سێبەرن قەیناکات) ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە وێنەی کێشراویش هەر حوکمی بت وهەیکەل و پەیکەری هەیە و وەکو وێنەی سێبەردار حەرامە، چونکە ئەمانەش هەر لەو وێنانە بون کە بەدەست کێشرابوون و سێبەردارنەبوون، بە هەر حاڵ ئەم جۆرەشیان بە گوتەی زۆرینەی زانایان حەرامە، گوێش نادرێت بە فەتوای کەسێك کە لەبەر شوێن کەوتنی ئارەزووەکانی مخالەفەیان بکات، بەڵکو بەرپەرچی خیلافەکەی دەدرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیەی کە خیلاف

(١٠) أخرجه أحمد رقم (٣٠٩٣) .

تێدایە، بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا هەیە لەسەر حەرامێتی، ئیتر نابێتە یەکێك لەو بابەتانەی کە جێگەی خیلاف تێدا دەبێتەوە(واتە مەسەلەیەکی ئیجتهادی نی یە) تاهەر کەسەو بڵێ من لە سەر ئەو ئیجتهادەیان دەڕۆم، چونکە لە ئاینی ئیسلامدا حوکمی شتەکان لەم سێ جۆرە تێناپەڕێت:(مسائل اتفاقية، ومسائل خلافية، ومسائل اجتهادية) جۆری یەکەم و دووەم بە هەموو شێوەیەك بەرپەرچی مخالەفەکاران دەدرێتەوە بەڵام جۆری سێ یەمیان وا نی یە.

وە کە دەگوترێت (لا إنكارَ في مَسائلِ الخلافِ) مەبەست پێی ئەم بەشەی سێیەمە. لە شوێنی تردا باس لەم بابەتەدەکەین، مەبەستمان لەوەیە کە ئەم جۆرەی تری وێنە واتە (بێ سێبەر) لەلای زۆرینەی زانایان حەرامە، والله أعلم.

## ( بەشی پێنجەم )

**جـــۆری ســـێیەم**: وێنـــەگرتن بـــە ئـــامێر[١١] کـــە پێـــی دەگوترێـــت وێنـــەی فۆتـــۆگرافی(Photograph) ئێمـــەش ڕوونکردنـــەوەی ئـــەم بەشـــەمان مەبەســـتە لـــەم نوسینەدا بۆیە بەپشتیوانی خوای هەرەگەورە دەڵێم:-

پێش ئەوەی دەست بکـەین بەهێنانـەوەی بەڵگـەکان ئامـاژە بـۆ ڕاسـتیەك دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە وێنەی فۆتۆگرافی، لە زمانەوانیداو لە(عورف) یشدا واتە ئەو نەریتانەی کە بـاوە لەناوخەڵکدا، هـەر (صورة)یـە و پێـی دەگوترێـت (صورة) واتە (وێنە).

جا بۆیە ناونراوە وێنە لـە زمانەوانیـدا، چـونکە وێنـە واتـە (شَكلْ) وێنـەی فۆتۆگرافیش هەر شکڵ و شێوازە، کەواتە هیچ جیاوازیەکی نیە لەوێنەکانی تـرو ئەمیش هەر وێنەیە.

لە عورف وعادەت و نـەریتی خەڵکیشـدا هـەر نـاوبراوەو ناسـراوە بـە وێنـە بەبێ جیاوازی، چونکە هەمومان بـە وێنـەی فۆتـۆگرافیش هـەردەڵێین وێنـە واتـە (صورة)، وە ئەو کەسەی کە هەڵدەسێت بـەگرتنی پێـی دەگوترێـت (مصور) واتـە وێنەگر، هەرکاممان کە بمانەوێت وێنەیەکی فۆتۆگرافی بگـرین، هـەردەڵێن دەچـین بۆ فلان وێنەگر وێنەدەگرین، یان بە کابرا دەڵێین وێنەیەکمان بگرە. تەنانـەت لـە

---

[١١] وەك ( کامێرا و کۆمپیوتەر و مۆبایل و ...هتد ).

دامودەزگا دەوڵەتیەکانیشدا دەگوترێت: وێنەیەکی ڕەش وسپی یان ڕەنگاوڕەنگ بە قەبارەی معاملات یان بەو جۆرەو بەشێوەیە بێنە، ئەمەش هەمومان بیستومانەو دەیزانین بڕواناکەم کەس نکۆڵی بکات.

کەواتە بۆمان ڕوون بۆوە کە لە زمانەوانی و عورف وعادەتی خەڵکیشدا فۆتۆش هەر بە وێنە ناودەبرێت، ئەوەش بزانە کە لە شەریعەتی ئیسلامیشدا هەر بە(صورة) واتە وێنە ناو دەبرێت، ئەمەشت بۆ ڕوون دەبێتەوە بە بەڵگەوە إن شاء الله.

بۆیە دەڵێم : زانایان دەربارەی ئەم جۆرە وێنەیە دوو ڕای جیاوازیان هەیە، هەیانە قەدەغەی کردووەو بە حەرامی داناوە، کە زۆرینەی زانایانن لەوانەش:

زانای پایەبەرز محمد بن إبراهیم آل الشیخ رحمه الله .

زانای پایەبەرز عبد العزیز بن باز رحمه الله .

زاناوفەرمودەناس محمد بن ناصر الدین الألباني رحمه الله .

ڕەحمەتی خوایان لێبێت, پلەیان بەرزتربکاتەوە لە بەهەشتدا، وە ئێمەش لەگەڵ ئەواندا کۆبکاتەوە لە بەهەشتدا، ئەم بۆچونەش لە هەندێك دەوڵەتە ئیسلامیەکان کاری پێ دەکرێت، خوا سەربەرزیان بکات و بیان پارێزێت لە هەموو

بەڵاو خراپەیەك، وە كاربەدەستەكانیان هیدایەت بدات بۆ هەموو كارێكی باش و لە هەڵەكانیان ببورێت.

وە هەیانە كە ڕێگەی پێداوە وەك زانا و شەرعزان: **محمد بن صالح العثيمين** "رحمه الله تعالى " وە هەندێك زانای تریش، ئێستاش بەڵگەی هەریەكەیان دەهێنینەوە بە پشتیوانی خوا.

وە گوتەی كۆمەڵی یەكەمیش كە دەڵێن وێنەی ( فۆتۆگرافی ) حەرامە ڕاستترین وباشترین بۆچونە، چونكە وێنەی فۆتۆگرافیش هەرحەرامەو هیچ گومانی تێدا نیە، بەڵكو زۆر زۆر دڵنیات دەكەمەوە لەم گوتەیەش، بە هۆی زۆری و ڕاستی بەڵگەكان لە سەری وە هەروەها گونجاندنی حەرام بونی وێنە لەگەڵ مەبەستەكانی هاتنی شەریعەتی ئیسلامدا وە لەگەڵ یاسا بنچینەییەكانیدا.

ئێستاش فەرموو لەگەڵ بەڵگە وەرگیراوەكان لە قورئان و سوننەت لەسەر بنەماو یاسا شەرعیەكان، بە پشتیوانی خوای گەورە دەڵێم:

**بەڵگەی یەکەم** : لە هەردوو کتێبە صەحیحەکەدا هاتووە لە(إِبنُ عبّاس)ـەوە، دەڵێت گوێم لە پێغەمبەر بو (ﷺ) دەیفەرمو : ((كُلُّ مُصَوِّرٍ في النارِ يُجْعَلُ لَهُ بِكُلِّ صُورَةٍ صَوَّرَها نَفْسٌ يُعَذَّبُ بِها في جَهَنَمَ))[١٢].

واتە: لەو دونیا هەموو وێنەکێشێك لە ناو ئاگری دۆزەخ دایە، بە ئەندازەی ئەو وێنانەی کە دروستیان کردووە، نەفسێکی بۆ دروست دەکرێت لە ناو ئاگری دۆزەخدا کە سزای بدات.

**لەم فەرمودەیەدا چەند ڕاستیەکی تێدایە:**

١- وشەی (كُل) بەهێزترین شێوازە بۆ گشتی کردنەوەی واتەکەی ، ئیتر هەموو (مصور) وێنەگرێك دەگرێتەوە، وە هەر وەکو لە یاسا گشتیە کاندا هاتووە(الأَصلُ هوَ البَقاءُ على العمومِ حَتَّى يَرِد المُخَصِصِ).

واتە: پێویستە لە سەر ئەو گشتێتیە بمێنینەوە هەتاکو بە بەڵگەیەکی شەرعی ئەو گشتگیریەی لادەچێت و تایبەتی دەکرێتەوە.

ئیتر ئەو هەڕەشە توندە (گشت) واتا هەموو وێنەگرێك دەگرێتەوە، جۆری یەکەم و جۆری دووەم و جۆری سێیەمیش، چونکە وەك لە سەرەوە باسکرا وێنەگری فۆتۆگرافیش هەر پێی دەگوترێت (مصور) واتە وێنەگر، هەرکەسیش

(١٢) پێشتر تەخریج کرا .

بیەوێت لەو مانایە دەریبکات و بڵـی وێنـەی فوتـۆگرافی وێنـە نیـە، ئـەوا پێویسـتە بەڵگەی شەرعی پیێ بێت، چونکە مخالەفـەی بنەمایـەکی شـەرعی دەکـات، وە لـە یاسا گشتیە کانی شەرعیشدا هاتووە کە(الدّليلُ يُطلَبُ مِنْ النّاقِلِ عَنْ الأصلِ لا مِنْ الثّابتِ عَلَيهِ).

واتە: داوای بەڵگە لەکەسێك دەکرێـت کـە لـە بنەمایـەکی ئەصـڵی لادەدات نەك لەو کەسەی کە لەسەر ئەو بنەمایە ماوەتەوە.

٢- وتەی (يجعل له) ئەریێ یە واتە(مُثْبَت)ـە، وە کـە دەفـەرموێت (صورة) ئەمە نەناسراوە(نكرة) واتـە هـەموو وێنەیـەك، یاسـایەکی شەرعیشـمان هەیـە کـە دەفەرموێت:(النّكِرةُ في سِياقِ الإثْباتِ مُطلَقَةٌ).

واتــە: ئەگــەر نەکیرەیــەك بــە شــێوازی ئــەرێ هــات ئــەوا حوکمەکــەی ڕەهایە(مطلق)ـە ئیتر هەموو وێنەگرێك دەگرێتەوە، وە یاسا یەکی تریشمان هەیـە کە دەفەرموێت: ( المُطلَقُ يُجْرى على إطلاقِهِ ولا يُقَيّدُ إلا بِدَليلٍ ).

واتە: هەموو حوکمێکی ڕەها (مطلق) وەکو خـۆی دەمێنێتـەوە و تایبـەتی (مقيد) ناکرێت بە بەڵگە نەبێت.

جا هەر کەسێك کە حوکمی ئەم فەرمودەیە تایبەت دەکات بە جۆری یەکـەم و جـۆری دووەمـی وێنەگرتنـەوە بـەڵام جـۆری سـێیەمی لـیێ دەردەکـات، ئێمـە لێـی

دەپرسین، بۆچی حوکمێکی گشتیت تایبەت کردەوە؟ بەڵگەت چییە بۆ ئەم کارەت؟

چونکە وێنەی فۆتۆگرافیش لە زمانەوانیداو لە ناو عورف و عادەتی خەڵکداو لە شەرعیشدا هەر وێنەیە ئیتر بۆچی دەری دەکەیت لەو واتەیەی خۆی؟

٣ – کە دەفەرموێت : (بِكُلِّ صُورَةٍ) ئەمەش هەر واتاکەی گشتیە، کەواتە لەفەرمودەکە دا هاتووە وێنە بەگشتی وە وێنەگر بەگشتی، ئەمەش بێگومان وێنەی فۆتۆگرافیش دەگرێتەوە، هەر کەسیش وێنەی فۆتۆگۆافی لەم حوکمە گشتیەی جیادەکاتەوە دەبێ بەڵگەی شەرعی پێبێت، والله أعلم.

**بەڵگەی دووەم** : ئەو فەرمودەیەیە کە ئیمامی موسلم لە صەحیحەکەیدا گێڕاوێتیەوە لە(أَبو الْهَيَّاجِ الأَسَدِيِّ) کە دەفەرموێت: (عەلی کوڕی أبو طالب ﵁) پێی گوتم: ئایا بتنێرم بۆ کارێك کە پێغەمبەر (ﷺ) منی ناردووە بۆی؟ ئەویش ئەوەیە کە ((أَنْ لاَ تَدَعَ صُورَةً إِلاَّ طَمَسْتَهُ وَلاَ قَبْراً مُشْرِفاً إِلاَّ سَوَّيْتَهُ))[١٣].

واتە: هیچ وێنەیەك مەهێڵە بیسڕەرەوەو لە ناوی بەرە، وە هیچ قەبرێکی جیاواز و بەرزتر لە قەبری ئاسایی مەهێڵە تەختی بکە.

---

(١٣) أخرجه مسلم رقم (٩٦٩) .

باشــە کــە دەفــەرموێت:(لا تَدَعْ) واتــە مەهێڵــە، ئەمــە بــۆ قەدەغەکردنــە (نفي)ــە وە کە دەفەرموێت:(صورة) نەناسراوە واتە هەموو وێنەیەك، وەکو باسکرا یاسایەکمان هەیە کە دەفەرموێت:(النّكِرُة فِي سِياقِ النّهي والنّفي تَعُمُ) ئـەم حوکمـە گشتگیرە.

واتــە هــەر شــتێك پێــی بگوترێــت وێنــە دەیگرێتــەوە، وەکــو زانــراش وێنــەی فۆتــۆگرافی لــە زمانــەوانی و لــە عــورفیش دا هــەر وێنەیــە، وە لــە شەرعیشــدا هــەر وێنەیە، جا هەرکەسێك لـەم حوکمـەی دەربکـات بلێـت ئـەم حوکمـە مەبەسـتی لـە وێنەی فۆتۆگرافی نییە ، دەبێت بەڵگەی شەرعی پێبێت، بێگومان هیچ بەڵگەیـەکی شەرعیان پێ نییە کەوێنەی فۆتـۆگرافی لـەم حوکمـە گشـتێدانە دەربکـەن، مەگـەر هەندێك قیاس و پێوانەی بێ بنەما نەبێت، کە پێچەوانەی ئەم هەموو بەڵگە ڕاسـت و دروستەیە، ئیتر چونکە هیچ بەڵگەیەك نـییـە کـە حـوکمی وێنـەی فۆتـۆگرافی لـە وێنەی بەدەست کێشراو جیابکاتەوە پێویستە لـە سـەرمان، لـە سـەر ئـەم ئەصـڵە بمێنینەوە تا بە بەڵگەیەك حوکمەکەی لابەرین، والله أعلم.

کەواتە دەبێت وێنەی فۆتۆگرافیش وەك هەموو وێنەیەکی تر لە ناو ببرێت، بێجگە لەوانەیان نەبێت کە بۆ کاری پێویستن، کە لە دواییدا باسیان دەکـەین، بـە پشتیوانی خوا ، خواش زانا ترینە, إن شاء الله تعالى والله أعلم.

**بەڵگەی سێیەم:** پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : ((إِنَّ مِنْ أَشَدِّ أَهْلِ النَّارِ عَذَابًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْمُصَوِّرِينَ))[١٤].

واتە: بەڕاستی سەخت ترین سزا لە قیامەتدا بۆ وێنەگرانە.

کە دەفەرموێت (المصورين) وشەکە خۆی(جَمْع)ـە واتە کۆیە، وە (ألف واللام ) چۆتە سەری کە بۆ (استغراق) واتە: وشەکە دەکات بەگشتگیری بۆ ئەو تاکانەی کە بۆیان دەبێت، وە یاسایەکمان هەیە کە دەفەرموێت:(الألفِ واللامِ الاستغراقيةِ إذا دخلتْ على الجمعِ أو المفردِ أفادتْ العمومَ).

واتە: ئەگەر (ئەلیف و لام)ـی ئیستیغراقی چوە سەر هەر ناوێکی تاك یان کۆ ئەوا حوکمەکەی گشتگیرە.

لێرەدا چۆتە سەر وێنەگر، واتە هەموو وێنەگرێك دەگرێتەوە، وە لەبەر ئەوەی وێنەگری فۆتۆگرافیش هەر وێنەگرە لە عورف وشەرعیشدا کەواتە حوکمی ئەم فەرمودەیە دەیگرێتەوە، هەر کەسێکیش لەو حوکمە گشتیەی دەردەکات پێویستە لە سەری کە بەڵگە بێنێت، بێگومان بەڵگەیشی پێ نیە. کەواتە حوکمەکەی هەر بەگشتێتی دەهێڵینەوە، تەنها ئەم شێوازەش بە بەرز ڕاگرتنی کەلامی خواو پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ) والله أعلم.

---

[١٤] أخرجه مسلم رقم (٥٥٣٨-٥٥٣٩) .

**بەڵگەی چوارەم** : ئەو فەرموودەیەیە کە ئیمامی بوخاری بەڕەحمەت بێت گێڕاوێتیەوە: ((إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ نَهَى عَنْ ثَمَنِ الدَّمِ ، وَثَمَنِ الْكَلْبِ ، وَكَسْبِ الْبَغِيِّ ، وَلَعَنَ آكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ وَالْوَاشِمَةَ وَالْمُسْتَوْشِمَةَ وَلَعَنَ الْمُصَوِّرَ))(١٥).

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردوە لە وەرگرتنی نرخی خوێن، وە وەرگرتنی نرخی سەگ، وە پارە پەیداکردن بە داوێن پیسی، وە لەعنەتیشی کردووە لە سوخۆرو ئەوەی کە دەرخواردی دەدات، هەروەها لەعنەتی کردووە لە خاڵ کوت و خاڵ بۆکوتراو، وە لەعنەتی کردوە لە وێنە دروستکەر .

لەم فەرمودەیەشدا کە دەفەرموێت: (وَلَعَنَ الْمُصَوِّرَ)، (مصور) تاکەو (ئەلیف ولام)ی چۆتەسەر، کەواتە واتەکەی گشتی دەبێتەوە، و واتەکەی هەموو وێنەگرێك دەگرێتەوە، وێنەگری فۆتۆگرافیش هەر وێنەگرە و بەر ئەو لەعنەتە دەکەوێت، هەرکەسیش وێنەگرێك لەم حوکمە دەربکات پێویستە بەڵگەی شەرعی پێبێت، کەواتە ئەمە مەسەلەیەکی ترسناکە کە مرۆڤ بەر لەعنەتی خواو پێغەمبەر (ﷺ) بکەوێت بە هۆی ئەنجامدانی کارێکەوە، بۆیە هەرکەس کە تاکو ئێستا پێی هەڵساوە پێویستە لەسەری تۆبەی لێ بکات و بگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە، و مەرجەکانی تۆبە کردن لە خۆیدا بێنێتەدی وەکو دەست هەڵگرتن لە ئەنجام دانی ئەو تاوانە، وە نەگەڕانەوە سەری، وە پەشیمانی لەوەی کە کردویەتی، وە تۆبەکە

---

(١٥) أخرجه البخاري رقم (٥٩٦٢) .

بە دڵسۆزیەوە بکات، و لەکاتی گونجاودا بێت بۆ وەرگرتنی تۆبە لێی، وە تەنها دوو کات تۆبەی تێدا وەرناگیرێت.

یەکەم: کاتێك کە ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە هەڵبێت.

دووەم: ئەو کاتەیە کە مرۆڤ دەکەوێتە گیانەڵا.

داواکارم لە خوای گەورە کە تۆبەی ڕاستەقینەمان لێ وەربگرێت چونکە هەمومان هەڵەمان هەیە، والله أعلم .

**بەڵگەی پێنجەم** : پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : ((إِنّ المَلائِكَةَ لا تَدْخُلُ بَيتاً فِيهِ تِمْثالٌ أَو صُورَةٌ))[١٦].

واتە: مەلائیکەتی "ڕەحمەت و وەحی" ناچنە ماڵێك کە پەیکەر یان وێنەی تێدابێت.

کە فەرمویەتی (لا تَدْخُلُ ) بۆ نەرێیە واتە ( نفي )ـە وە (صورة) ناوێکی نەناسراوە واتە (نكرة)یە وەکو لە یاسا شەرعیەکاندا گوتراوە: نەکیرە لە شێوازی نەرێ دا واتەکەی گشتگیر دەبێتەوە، وە وێنەی فۆتۆگرافیش هەر وێنەیە، لە عورف و لە شەرعیشدا، بۆیە ئەو حوکمە گشتیە دەیگرێتەوە، وە نابێت بەتایبەتی لە واتەی وێنەی جیابکەینەوە، ئایا بەڵگەیەك هەیە کە وێنەی فۆتۆگراف لە حوکمی

---

(١٦) أخرجه مسلم رقم (٥٥٤٥) .

ئەم فەرمودەیە جیا بکاتەوە ؟ نەخێر بە هیچ شێوەیەك نىیە ، جا چونکە هیچ بەڵگەیەك نیە کە وێنەی فۆتۆگرافی جیا بکاتەوە لە وێنەی تر، پێویستە لە سەر واتەی دیاری کراوی خۆی بمێنینەوە، سوپاس بۆ خوا کە بەم شێوەیە بێ نیاز بوین لە خۆماندو کردن و ئەملاولاکردن بۆ حەڵاڵ کردنی حەرامێك، خوای گەورە بەم بەڵگانە دڵنیای کردوینەتەوە لە حەرامێتی وێنە بە گشتی. خواش زاناترینە، والله أعلم .

**بەڵگەی شەشەم** : پێغەمبەر جوانترین و ڕازاوە ترین درودو سەلامی لە سەربێت فەرمویەتی : ((إِنَّ الَّذِينَ يَصْنَعُونَ هذِهِ الصُّوَرَ يُعَذَّبُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُقَالُ لَهُمْ أَحْيُوا مَا خَلَقْتُمْ))[١٧].

واتە: ئەو کەسانەی کە ئەو وێنانە دەکێشن یان دروستدەکەن، سزا دەدرێن لە ڕۆژی قیامەت دا، وە پێیان دەگوترێت ، ئەو وێنانەی کە دروستتان کردون گیانیان بکەنەوە بەبەردا.

مەبەست لێرەدا هەموو جۆرەکانی وێنەیە سێبەر دارو بێ سێبەرو فۆتۆگرافیش، تو ئەو خوایە بەچی بەڵگەیەك وێنەی فۆتۆگرافی جیا دەکەیتەوە لە وێنەکانی تر؟ تاکو بڵێیت حەڵاڵە ؟!.

[١٧] أخرجه البخاري رقم (٥٩٦١) ، ومسلم رقم (٥٥٣٥) .

من خۆم لە کۆڕی چەند بەڕێزێکدا بووم کە دایاندەنێن بە زانـا ، خـواش خـۆی باشتر دەزانێت، شتێکی گوت سەد خۆزگە هەر نەیگوتایە، هەرچەندە وابـزانم هـەر هەڵەیەك بوو بەبێ مەبەست بەزمانیدا هات، لەبەر ئـەوەی کۆڕەکـە زۆر قەرەباڵـەغ بوو وە پرسیارکەران زۆر بوون، مرۆڤیش قابیلی هەڵەیە، پـارێزراو لـە هەڵـە تـەنها ئەو کەسەیە کە خوای گەورە بیپارێزێت، بـەکورتی ئـەو بـەڕێزە گـوتی، وێنـەگرتن حەڵاڵ و ڕێپێ دراوە، چونکە هەموو شتەکان لە بنەڕەتدا حەڵاڵ و ڕێپێدراون!

منـیش دەڵـێم: کـە دەڵێـت لـە بنەڕەتـدا شـتەکان حـەڵاڵ ورێ پێـدراون، (الأصل في الأشياء الحل والإباحة) ئەمـە گوتەیـەکی ڕوون و ئاشـکرایە، بـەڵام پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبوایـە بیگوتایـە (إلا بدليل) واتە مەگـەر بـە بەڵگەیـەك کـە ئـەو شـتە لـە حەڵاڵـەوە بگۆڕێـت بـۆ حـەرام. لـەو شـتانەش کـە لـە شـەرعدا هـاتووە کـە حـەرام کـراوە وێنەگرتنـە بـە هـەموو شـێوەکانیەوە، چـونکە بەڵگـە شـەرعیەکانی کـە لەسـەرەوە هێناومانـەوە وە ئەوانـەیش کـە بـە پشـتیوانی خـوا لەدواییـدا باسـیان دەکـەین، بەڵگـەی ڕوون و ئاشکران کە وێنـەگرتن حەرامـە، و بـە تونـدی بـەرەنگاری لێکـراوەو هەڕەشـە لـە بکەرەکەی کراوە.

ئیتر چۆن کەسێك دەتوانێت بڵێت کـە وێنـەگرتن حـەڵاڵ و ڕێگـە پێـدراوە، هەرکەسـیش وابڵێـت ئـەوا ئـەو گوتەیـەی لـێ وەرناگیرێـت، چـونکە هەموکەسێك

گوتەی لێوەردەگیرێت و ڕەدیش دەکرێتەوە جگە لە پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ)

.

بۆیە داواکارم لە خوای گەورە کە هیدایەتی ئێمەو براکانیشمان بدات بۆ سەر ڕێگای ڕاست، وە حەقمان پیشانبدات و لامان شیرین بکات، خوای گەورە باشترین لێپرسراوە، والله أعلم .

**بەڵگەی حەوتەم** : ئەو فەرمودەیەیە کە ئیمامی ئەحمەد و (ترمذي)ش گێڕاویانەتەوە، کە پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئاگری دۆزەخی کردووە کاتێك کە کلّپەیەکی لە شێوەی ( مل )ێکدا لێ دێتەدەرەوە و دەڵێت : ((إِنِّي وُكِّلْتُ الْيَوْمَ بِثَلَاثَةٍ: بِكُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ وَبِكُلِّ مَنْ دَعَا مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَبِالْمُصَوِّرِينَ))[١٨].

واتە: ئەو کلّپەیە دەڵێت: ئەمڕۆ من ڕاسپێردراوم بۆ سوتاندنی سێ تاقم، هەموو دەستەڵاتدارێکی زاڵم، وە هەموو ئەوانەی کە هاواریان کردۆتە پەرستراوێکی تر لەگەڵ الله، وە هەموو وێنە دروستکەرێك.

بەڵگەی ئەم فەرمودەیەش ئەوەی کە ئەو هەڕەشەیە بۆ هەموو وێنەگرێکە، هیچ جۆرە وێنەگرێکی لێ بەدەر نەکردووە، جا وەکو باسکرا پێویستە لە سەرمان کە واتەی فەرمودەکە وەکو خۆی لێك بدەینەوەو لەو واتەیە نەیگۆڕین چونکە

---

[١٨] أخرجه الترمذي رقم (٢٥٧٤) وصححه الألباني ، وقال الترمذي: حديث حسن غريب صحيح وله شاهد عند الإمام أحمد من حديث عطية العوفي .

حوکمەکەی گشتیەو هیچ جیاکەرەوەیەك نىیە کە جۆرێك لە وێنەگرانی لێ بەدەربکات ، چونکە وێنەگری فۆتۆگرافیش لە زمانەوانی و لە عورفیشدا هەر وێنەگرە، ئیتر ئەم حوکمە گشتیە دەیگرێتەوە، جا هەرکەسێك بەهەر بیانوو مەبەستێك، جیای بکاتەوە و بڵێ حوکمەکەی جیاوازە ئەوە پێویست بەبەڵگە هێنانەوە دەکات، خوا پشت و پەنامانبێت.

**بەڵگەی هەشتەم**: ئەو فەرمودەیەیە کە عائیشە (رضي الله عنها) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆی گێڕاوینەتەوە کە لە دوو کتێبە صەحیحەکەدا هاتووە، فەرمویەتی: ((أَشَدُّ النّاسِ عَذاباً يومَ القيامَةِ الذينَ يُضاهِئونَ بِخَلقِ اللهِ))[١٩].

هەروەها لە و فەرمودەیەشدا کە ئەبوهورەیرە بۆی گێڕاوینەتەوە کە ئەویش لە دووصەحیحەکەدا هاتووەو دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: خوای گەورە دەفەرموێت: ((وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذَهَبَ يَخْلُقُ خَلْقاً كَخَلْقِي فَلْيَخْلُقُوا ذَرَّةً أَوْ لِيَخْلُقُوا حَبَّةً أَوْ لِيَخْلُقُوا شَعِيرَةً))[٢٠].

واتە: کێ لەو کەسانە ستەمکارترە کە لاسایی من دەکەنەوەو شتی وەکو دروستکراوەکانی من دروست دەکەن، جا ئەگەر ڕاست دەکەن و دەتوانن با

---

[١٩] أخرجه البخاري رقم (٥٩٥٤) ، ومسلم رقم (٥٥٢٨) .

[٢٠] أخرجه البخاري رقم (٥٩٥٣)و(٧٥٥٩) ، ومسلم رقم (٢١١١) .

مێرولەیەکی هەرەوردیلە یان دەنکە گەنمێك کەبڕوێت یان دەنکە جۆیەك کەبڕوێت دروست بکەن.

وێنەی فۆتۆگرافیش (مضاهات) واتە لاسایی کردنەوە بە دروستکراوەکانی خوای گەورەی بەئاشکرا تێدایە، بۆیە حەرام بونەکەی ڕونترە لە وێنەکانی تر، ئەگەر کەسێکیش دانی نەنا بەمەدا، ئەوا دەڵێین لەبەر چەند هۆکارێکی تر کە لەوێنەی فۆتۆگرافیشدا دێتەدی هەر حەرامە کە لە دواییدا باسیان دەکەین، بە پشتیوانی خوا، والله أعلم.

**بەڵگەی نۆیەم:** پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((الصُّورَةُ الرَّأْسُ فَإِذَا قُطِعَ الرَّأْسُ فَلاَ صُورَةَ))[٢١].

واتە: وێنە بریتیە لە سەر، جا ئەگەر سەرمان لە هەروێنەیەك لێکردەوە ئەوا پێی ناگوترێت وێنە.

ئەمەش ڕوونکردنەوەیەکی پێغەمبەرە (ﷺ) بۆمان دەربارەی ڕاستی وێنە بۆ ئەوەی بزانین لە شەرعدا بەچی دەگوترێت وێنە نەك بکەوینە هەڵەوە، جا کە دەفەرموێت: (الصورة) وێنە بەگشتی دەگرێتەوە کە پێناسەی دەکات بە (الرأس) ئەم فەرمودەیە وێنەی فۆتۆگرافیش دەگرێتەوە، چونکە ئەندامی (سەر)ی

---

(٢١) أخرجه البيهقي رقم (٧/٢٧٠) ، وصححه الإمام الألباني رحمهما الله تعالى .

تێدایەو بەئاشکرا دەردەکەوێت تێدایدا[٢٢] کەواتە لە ڕاستیدا وێنە پێکهاتووە لـە سەر .

برای بـەرێز خوشـکی ئـازیز خـوا بتـان پارێزێـت، تەماشـای وێنـەی فۆتـۆگرافی (مرۆڤـ) بکەن کەلەم سەردەمەدا زۆر بڵاوە ئایا ئەندامی (سەر)ی تێدایە یان نا؟

لە وەڵامدا: بەدڵنیاییەوە دەگوترێت: بەڵێ (سەر)ــی تێدایـە، کەواتـە فۆتـۆش هـەر وێنەیە بە بەڵگەی ئەم فەرمودەیە.

جا هەر کەس گوتی با (سەر) یشی تێدابێت بەڵام هەر بە وێنە ناژمێردرێت!

ئەوە تۆش دوعای چاك بونەوەی بۆ بکـە بڵـێ: خـوا شـیفات بـۆ بنێرێـت و بتپارێزێت لە خراپە، هیچ نیە کەفارەتی گوناهەکانتەو پاك بونەوەیە لێیـان ، والله أعلى وأعلم .

**بەڵگەی دەیەم** : گوتەکەی جوبرەئیلە (عليه السلام)کە بە پێغەمبەری (ﷺ) فـەرموو: ((إِنَّا – أَي المَلائِكَةُ – لا نَدخُلَ بَيتاً فِيهِ كَلبٌ أَو صُورَةٌ))[٢٣].

واتە: ئێمەی مەلا ئیکەت ناچینەماڵێکەوە کە سەگ یان وێنەی تێدادابێت.

---

[٢٢] بە مەرجێك ئەو وێنە گیراوە وێنەی مرۆڤ یان گیان لەبەرو ئاژەڵ بێت.

[٢٣] أخرجه البخاري رقم (٥٩٤٩) ، ومسلم رقم (٥٥١١) .

ئەم گوتەیەش گشتیەو وێنەی فۆتۆگرافیش دەگرێتەوە چونکە لە عورف و لە شەرعیشدا هەر پێی دەگوترێت وێنە، ئەم حوکمە گشتیەش بەسەریدا دەسەپێت مەگەر بە بەڵگەیەکی شەرعی لێی جیا بکرێتەوە، والله أعلم.

ئەم هەموو نمونەیەش بەڵگەی ڕوونن إن شاء الله لەسەر حەرام بونی وێنەی فۆتۆگرافی، مەگەر بۆ هەندێك كاری پێویست نەبێت کە إن شاء الله باسیان دەکەین، ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم.

## ( بەشی شەشەم )

لە شەرعدا چەند یاسایەکی گشتیمان هەیە کە ڕاستی ئەم گوتانەمان دەسەلمێنن:

**یاسای یەکەم** : قاعدة سد الذرائع المفضية إلى الممنوع .

**( داخستنی هەر دەرگایەك کە بەرەو قەدەغەکراوەکا نمان بەرێت )**

حەرام کراوەکان لە شەرعدا دوو بەشن: بەشی یەکەم ئەوحەرام کراوانەن کە لەبەر خودی خۆیان حەرام کراون، بەشی دووەم ئەو حەرام کراوانەن کە لەبەر ئەوە حەرام کراون دەبنە هۆکارێك بۆ کەوتنە ناو حەرامەوە، وێنەو پەیکەرتاشی و ڕەسمکردن، هەر لەبەر خودی خۆیان حەرامن، وە وێنەی فۆتۆگرافیش هەر حەرامە بەڵام ئایا وەکو ئەوانەی پێشەوە خۆی لەخۆیدا حەرامە یان لەبەر ئەوەی حەرامکراوە کەدەبێتە هۆکارێك بۆ کەوتنە ناوحەرام؟ وە بەگوێرەی هەردوو گوتەکە ئەمیش هەرحەرامە، ئەگەر بەویژدانەوە تەماشای وێنەی فۆتۆگراف بکەین، دەبینین کە خەڵکی زۆر بەشێوازێکی فراوان دەستیان داوەتێ، بەڵکو هەندێك هەر بردویانەتە پلەیەکی بەرز لەڕێزدا، بۆ نمونە وێنەی پاشاو سەرۆکەکان لە هەندێك وڵاتدا، لە زۆربەی شوێنەکان هەڵواسراوە، وەك وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکان و دەزگا گشتی و تایبەتیەکان، وە وای لێهاتووە بووە بە نیشانەیەك بۆ بەگەورە دانانی کاربەدەستەکان، وە ئەوەی وێنەی سەرۆکەکان هەڵنەواسێ گومانی

لێدەکرێ و تاوانبار دەکرێت بەوەی کە لایەن گیری نیە بۆ سەرکردەکان، بەڕاستی ئەمەش پێوانەیەکی شەرعی نیە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ میللەت دا، هەرچەندە ڕێزی کاربەدەستان بەشێکە لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت وەك لە کتێبەکانیاندا ئاماژەیان پێ کردووە، بەڵام نەك بە هەڵواسینی وێنەکانیان .

وەیان وێنەی مردووەکان، بەشێوەیەکی لێهاتووە کەسێك کە باوکی یان برای یان هاوڕێیەکی دەمرێت، وێنەکەی هەڵدەواسێت و پارچەقوماشێك یان ڕەنگێکی ڕەش دەکات بەلایەکیەوە، هەرکاتێك وێنەکەی دەبینێت خەمەکانی سەرهەڵدەدەنەوەو دڵگران دەبێتەوە، یان هەندێك کەس کاتێك ناخۆشیەکی دێت بەسەردا، بەرامبەر وێنەی مردووەکەی دەوەستێت و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات پێی وایە کە مردووەکە دەیبینێت و گوێی لێیە !

ئەمەش کارەساتێکە دەرچونمان نییە لێی مەگەر بە داخستنێکی تۆکمەو توندوتۆڵی ئەو دەروازەیە نەبێت، هەروەك چۆن یاسا شەرعیەکان ئاماژەیان بۆ کردووە، منیش دەڵێم حەرام کردنی وێنەی فۆتۆگرافی بەتەواوەتی لەگەڵ ئەم یاسا شەرعیەدا دەگونجێت کە یاسای داخستنی دەروازەکانە کە دەمانبەن ڕووەو حەرام کراوەکان، خواش زاناترە، والله أعلم .

## یاسای دووەم : اتـقـاء المتشابهات

## ( خۆپاراستن لە گومان لێکراوەکان )

لەو فەرمودەی کە (نوعمـانی کـوڕی بەشـیر ﷺ) گێڕاوێتیـەوە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((إِنَّ الْحَلاَلَ بَيِّنٌ وَإِنَّ الْحَرَامَ بَيِّنٌ وَبَيْنَهُمَا مُشْتَبِهَاتٌ لاَ يَعْلَمُهُنَّ كَثِيرٌ مِنَ النَّـاسِ فَمَـنِ اتَّقَـى الشُّـبُهَاتِ اسْـتَبْرَأَ لِدِينِـهِ وَعِرْضِـهِ وَمَـنْ وَقَـعَ فِي الشُّـبُهَاتِ وَقَـعَ فِي الْحَرَامِ)) ... الحديث[٢٤].

یاسای گومان لێکراوەکانیش بریتیە لە وازلێهێنان و دورکەوتنەوە لێی، جا وێنەی فۆتۆگرافی ئەگەر گوترا بە ئاشکرا حەرام نەکراوە! هـیچ نـەبێت لـە گومـان لێکراوەکانــە، گومــان لێکراوەکــانیش پێغەمبــەرمان (ﷺ) ئامۆژگــاری کــردوین خۆمانی لێ بپـارێزین تـاکو دیـن و سـومعەمان پـارێزراو بێـت، ئـەو پارێزگاریـەش نایەتەدی تاکو وێنەی فۆتۆگرافیش قەدەغە نەکەین، جا ئەگەر بە ئاشـکرا حـەرام کرابــوو ئــەوە هــیچ گوتەیــەکمان نــیـە دەربــارەی، وە ئەگــەر لــە گومــان لێکراوەکـانیش بێـت ئـەوە ( لله الحمد والمنة ) حوکمەکـەیمان بـۆ ڕوون بـۆوە کـە وازلێهێنــان و دورکەوتنەوەیــە لێــی، کەواتــە قەدەغــە کردنــی وێنــەی فۆتــۆگرافی بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ یاسای خۆپاراستن لە گومان لێکراوەکان، والله أعلم.

---

[٢٤] متفق عليه : أخرجه البخاري رقم ( ٥٢ ) و ( ٢٠٥١ ) ، ومسلم رقم ( ١٥٩٩ ) .

**یاسای سێیەم** : الخروج من خلاف العلماء

**( دەرچون ئەو بابەتانەی کە زانایان ڕای جیاوازیان هەیە تیایاندا)**

بەڕاستی لە شەرعدا ڕوون کراوەتەوە کە پەسەند کردنی ئەوبابەتانە زانایان لەسەری کۆکن لە پێشترە لەوبابەتانەی کە ناکۆك و جیاوازن، ئەم جیاوازیەش بەوە کۆتایی پێدێت کە بڵێین وێنەی فۆتۆگرافیش حەرامە، کە ئەو بۆ چونەمان پەسەندکرد ، ئیتر لەو جیاوازیەش ڕزگارمان دەبێت ، والله أعلم .

**یاسای چوارەم** : قاعدة حفظ المال

**( یاسای بەفیڕۆ نەدانی ماڵ و سامان )**

خوێنەری بەڕێز برایان و خوشکانی موسوڵمانم! بەڕاستی شەریعەتی ئیسلام هاتووە بۆ پاراستنی پێنج پێویستیەکەی ژیان، ئەوانیش ئەم پێنجەن: **الدین** ، **والعقل** ، **والنسل** ، **والمال** ، **والنفس**.

واتە پاراستنی: ئایین، ژیری، ڕەگەز، ماڵ وسامان، گیان.

وە بەڵگەی زۆرمان هەیە کە بەفیڕۆدان سەرف کردنی پارە بەبێ هۆ حەرامدەکەن.

وێنەی فۆتۆگرافیش لەم لایەنانە زیاتر نیـیە :

یان بۆ بەگەورەدانان (التعظيم) دەگیرێت کە بۆ ئەم مەبەستە حەرامە، یان بـۆ یادگاری دەگیرێت کە ئەمیش حەرامە، یان بۆ پێدا ویستیەك دەگیرێت، ئەمـەیان ئەوەندە ڕێپێدراوە تاکو پێویستیەکەی پێ جێبەجێ دەبێت، یان هـەر بـەبێ هـیچ یەکێك لەو هۆیانە دەگیرێت بەبێ مەبەست.

بۆیـە دەڵـێین ئـەم جـۆرە وێنەگرتنـە واتـە بـەبێ هـۆ، پـارە بـە فیڕۆدانـە، پـارە بەفیڕۆدانیش بەڵگەی زۆرمان هەیە لەسەر حـەرامێتی، وازهێنـان لێـی واجبـە، ئـەم وازلێهێنانەش نایەتەدی تاکو وێنەگرتن قەدەغە نەکرێت، وە یاسایەکیشـمان هەیـە کە دەڵێت:( ما لا يتم ترك الحرام إلا به، فتركه واجب ، وفعله محرم ).

واتە: هەر شتێك وازهێنان لە حەرام بەسترابێتەوە بەوەوە، ئـەوە وازهێنـان لێـی واجبە و ئەنجامـدانی حەرامـە، وە قەدەغـەکردنی وێنـەی فۆتـۆگرافی بـە تـەواوەتی گونجاوە لەگەڵ یاسای پاراستنی پارەو سامان، والله أعلم.

بە کـورتی: قسـەی ڕاسـترین ( القول الراجح ) دەربـارەی وێنـەی فۆتـۆگراف حەرام بونێتی، یان خودی خۆی حەرامە، یان چونکە دەبێتە هۆکارێـك بـۆ کەوتنـە ناو حەرام بۆیە حەرامە، لە هەر دوو بارەکەدا هەر حەرام و ڕێگە پێ نەدراوە، والله ربنا أعلى وأعلم.

## ( بەشی حەوتەم )

دوای هێنانەوەو خوێندنەوەی ئەو بەڵگانەی سەرەوە، بۆمان دەرکەوت کە لەشەریعەتی ئیسلامدا "خوای گەورە لەوە بەرزو بەرێز تری کات" وێنەی گیان لەبەری حەرام کردووە لەبەر چەند هۆکارێك لەوانەش:-

١ - وێنەی گیان لەبەر بەتایبەتی مرۆڤ، سەردەکێشێت بۆ بەگەورەدانان و زیادەڕەوی کردن تێداياندا لەوانەیە بگاتە پلەی پەرستنیش، بەتایبەتی ئەگەر وێنەی ئەوکەسانە بێت کە لەلای خەڵك خۆشەویستن و بەگەورەیان دەزانن، جا یان لەبەر زانست و دینداری بێت یان لەبەر دەسەڵاتداری و سەرکردایەتی بێت یان لەبەر برادەری و خزمایەتی بێت، هەڵواسین و دانانی وێنەی ئەو جۆرە کەسانە لە مەجلیسەکاندا لە ترسناك ترین هۆکاری کەوتنە ناو شیرکەوەیە.

٢ - وەیان لاسایی کردنەوەی خوای گەورەیە لە دروستکردنی دروستکراوەکانیدا، وە چواندنی کاری مرۆڤە بە کاری خوای دروستکەرەوە.

٣ - وێنەکێشانی گیان داران کارێکی حەرامە، کەواتە هەر موسوڵمانێك پێی هەڵسێت ئەوە خۆی چواندوە بەوانەی کە کاری وێنەکێشان و پەیکەر تاشیان کردووە، جا ئایا ئەوموسوڵمانەی کە ئەو کارانە دەکات مەبەستی بێت خۆی بەوان بچوێنێت یان مەبەستی نەبێت، تەنها بە وێنەگرتن یان هەڵواسین و دانانی بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان، خۆی چواندووە بە هاوەڵپەیداکەرەکانی پێش هاتنی

ئیسلام و شوێن کەوتوانیان ئەوانەی کە وێنەیان دەکێشاو لە پەرستگاکانیاندا دایان دەنا بۆ بەگەورەزانین و پیرۆز ڕاگرتنیان، وە ڕوونیشە کە لە شەریعەتی ئیسلامدا خۆچواندن بە هاوەڵپەیداکەرەکان و بێ باوەڕانەوە لە پەرستن و هەڵسوکەوتیشیاندا، بە هەموو شێوەیەك قەدەغە کراوە.

فەرمودەش لەم بارەیەوە بەلێشاو هەیەو (متواتر)ـە[٢٥].

شێخی ئیسلام (تقي الدين أبو العباس ابن تيمية) بەڕەحمەت بێت زۆربەیانی هێناوەتەوە لە کتێبە بە نرخەکەیدا (اقتضاء الصراط المستقيم) خواش زاناترینە.

٤ – وێنەی گیانلەبەران دەبێتە ڕێگر لەبەردەم مەلائیکەتدا کە بێنە ئەو شوێنەی کە وێنەکەی تێدایە .

٥ – وە ئیسراف و بەفیڕۆدانی سامانی تێدایە، مەگەر تەنها ئەو ئەندازەیە نەبێت کە بۆ پێدا ویستیە، ئەم پێویستیەشت بە جوانی بۆ ڕوون دەکەمەوە بە پشتیوانی خوا.

---

(٢٥) المتواتر: ئەو جۆرە فەرمودەیەیە کە خەڵکێکی زۆر نەقڵیان کردبێت بۆمان، بە جۆرێك کە نەگونجێت هەمویان ڕێك بکەون لەسەری .

## ( بەشی هەشتەم )

دەڵێم: ئەو بەڵایەی کە ئەمڕۆ تێی کەوتوین ئەوەیە کە بۆ هەندێك کاری پێویست هەردەبێت وێنە بگرین، بۆ ناسنامە وەك پێناس و بڕوانامەو مۆڵەت و هاوشێوەکانیان، ئەمەش لەو بەڵایانەیە کە هەمومانی گرتۆتەوە، لەم حاڵەتەدا وەك لە یاسا شەرعیەکاندا هاتووە ( تُقَدَّرُ الضَرورَةَ بِقَدَرِها).

واتە: پێویستیەکە بە گوێرەی خۆی دەپێورێت. کەواتە شەرع تەنها ئەو بڕەی ڕێپێداوە کە پێویستیەکەی پێ ڕایی دەبێت.

چەند بەڕێزێك نامەیان بۆ ناردوم دەڵێن لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەڕێگەی (پەنجەمۆر)ـەوە خەڵك دەناسرێتەوەو باشتریشە لە خۆناساندن لەڕێگەی وێنەوە.

منیش گوتم ئەگەر بەم شێوەیەبێت ئەوە کارێکی باشە، هەرچەندە وابزانم لەم وڵاتانەی خۆمان شتی وا بەکار نەهێنراوە، خۆ ئەگەر حکومەت شتێکی وا بێنێتە ئاراوە ئەوا ئەم بەڵایەشمان لە کۆڵ دەکەوێت، ئەمەش کارێکە بەدەست من و تۆ نیيە بەدەست حکومەتە ئەگەر داینێن و دانی پیابنێن ئەوا کارێکی زۆر باشە، وەگەرنا وێنەگرتن بە ئامێرەکان هەر دەبێت بۆ زەرورەت بەکار بێت، داواکارم خوای گەورە بەزوترین کات لەکۆڵمانی خات، خواش خۆی پەنامانە باشترین پەنایشە .

هەر لەو پێویستێدانەش وێنەگرتنی (تاوانەکانە) ئەویش وێنەگرتنە لەکاتی ڕودانی تاواندا، بۆ دۆزینەوەی تاوانباران، ئەم بەشەیش دەکەوێتە ژێر یاسای (الضرورات تبيح المحظورات).

واتە: لە کاتی پێویستیدا ڕێدەدرێت بە هەندێك شتی قەدەغەکراو.

یان یاسای (لا محرم مع الضرورة).

واتە: لەکاتی پێویستیدا بەگوێرەی پێداویستیەکەت ئەو کارەت بۆ حەڵاڵ دەبێت یان یاسای (الضرورات تقدر بقدرها).

لە هەندێك حاڵەتی ڕودانی تاواندا وێنەگرتن نەك حەرام نیە بگرە واجبیشە، چونکە بەو شێوەیە نەبێت مافی زەوتکراو ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، یاسایەکی شەرعیشمان هەیە کە دەفەرموێت: (ما لا يتم الواجب إلا به فهو واجب).

واتە ئەوەی واجبێك نەیەتەدی بەو نەبێت، خۆیشی واجب دەبێت.

تۆش بەم شێوە بپێوە (وعلى ذلك فقس) هەر کاتێك وێنە گرتن بەبۆنەی شتێکەوە بو بەپێداویستیەکی شەرعی، ئەوا بەئەندازەی ئەو پێویستیە ڕێگەی پێ دەدرێت زیاتر نا. خوای گەورە پەروەردگارمانە و بەرزترین و زانا ترینە، والله ربنا أعلى وأعلم.

## ( بەشی نۆیەم )

بزانـە "ڕەحمـەتی خـوات لێبـێت " ئەوانـەی کـە وێنـەی فۆتۆگرافیـان شەرعاندووە چەند بەڵگەیەکی پوچ و ناشەرعیان هێناوەتەوە، کە زۆربەیان جۆرە تێگەیشتنێك و قیاس کردنە (استنباطات وقیاسات) وەکو دادپەروەریەك هەندێکیان باس دەکەم و وەڵامی شەرعیشیان دەدەمەوە:

١ ـ ڕەحمەتی خوایان لێبێت دەڵێن : وێنەی فۆتۆگرافی لە ڕاستیدا وێنـە نیـە، بەو واتەیەی ئەو جۆرە وێنانە نیە کە لەبەڵگەکاندا قەدەغـەیان لێکراوەو هەڕەشـە لە بکەرەکەی کراوە، چونکە لە بەڵگەکاندا وشەی (صوَّر) و (مصوِّر) واتە ئەوناوانـە بەسـتراونەتەوە بـە شـێوازێکی تایبەتیـەوە ، چـونکە (صوَّر) وا پێویسـت دەکـات کەدەبێت کار بکرێت لەسەر ئەو وێنەیە، وە دیاریشە کە وێنەگرتن بـە ئامێرەکـان، هیچ کارێکی وێنەگرەکەی تێدا نیـیە وەکو نوسین و دروسـت کـردن و وێنەکێشـان، وە وێنە گیراوەکەش کتومت وەکو خۆی دەردەچێت نابێت بەلاسـایی کردنـەوەی خوای گەورە لە لایەنی دروستکردندا، تەنها بەکار هێنـانی ئامێرێکـەو وێنەگرەکـە بەکاری دەهێنێت، ئیتر وێنەی دروستکراوەکەی خوای گـەورەی وەکـو خـۆی تێـدا تۆماردەبێـت، بـە بۆنـەی تیشـك دانـەوەوە، ئـەو شـێوازەش تـەنها پێچـەوانە (عکس)ـی شێوە ڕاستیەکە دەردەچێت، بۆیە بـە گوتـەی ئـەوان ناچـێتە نـاو ئـەو بەڵگە گشتێدانەی کە وێنە حەرام دەکەن .

**وەڵام دانەوەمان بۆ ئەم شوبهەیە لە چەند ڕویەکەوەیە:**

أ ـ ئەمە هەوڵی ئیجتهاد کردنە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە بەڵگەمان بە دەستەوەیە یاسایەکی شەرعیمان هەیە کە دەڵێت: (لا إِجْتِهادَ مَعَ النَّص) واتە: کە بەڵگە هەبوو ئیجتهاد ناخوات.

بەڵگەکانی پێشومان ڕوون و ئاشکران ئیتر پێویستمان بە ئیجتهاد نىیە ، سەرجەم بەڵگەکانمان وێنەی فۆتۆگرافیش دەگرنەوە تەنها بەگووتەیەکی ئاوا لێیان جیا ناکرێتەوە.

ب ـ وەکو ڕوونە ئەم ئیجتهادە پێچەوانەی بەڵگەی شەرعی دەبێتەوە، ئێمەش یاسایەکی شەرعیمان هەیە کە دەفەرموێت: (کل قیاس صادم النص فهو باطل).

واتە: هەر ئیجتهادێك دژوار بۆوە لەگەڵ دەقێکی شەرعی ئەوا ئەو ئیجتهادە بەتاڵە.

ج ـ وە ئێمە وانابینین کە وێنەگری فۆتۆگراف هیچ کارێك ئەنجام نادات لەکاتی وێنەگرتنەکەیدا، بەڵکو لەوێنەکێش زیاتر دەور دەبینێت لە وێنەگرتنەکەیدا، چونکە ئێمە کارمان بەدەست لێدانی ڕاستەوخۆی وێنەکەوە نىیە ، چونکە حەرام بونەکەی نە بەستراوەتەوە بەدەست لێدانی وێنەگرەکە بۆی، بەڵکو زوم کردنی کامێراکەو پەنجەنان بە دوگمەی ئامێرەکەداو دەرهێنانی

جامەکەی و شۆردنەوەی و چاپکردنی لەسەر پۆستکارت ئەمانە هەمووی کاری وێنەگرەکەیە[٢٦] ئیتر چۆن بڵێین وێنەگر دەوری نییە لە وێنەی فۆتۆگرافیدا.

د - باشە وامان دانا کە وێنەگر دەورێکی وا نابینێت لە وێنەی فۆتۆگرافیدا، بەڵام ئێمە کارمان بەوەوە نییە کە وێنەکە چۆن دەکرێت و چۆن دەگیرێت، ئێمە مەبەستەکەمان ئەوەیە کە وێنەی فۆتۆگرافیش وێنەیەکەو هەیە، جا هەرکاتێك وێنەی گیان لەبەرێك کێشرابوو یان گیرابوو، ئەوە لەشەرعدا حەرام کراوە، مەگەر وەك باسمان کرد بۆ پێویستیەك بێت، هەروەها ئەو خۆماندوکردنەی ناوێت کە هەوڵێکی زۆر بدەین تا وێنەی فۆتۆگرافی لە واتەی گشتی وێنە دەربکەین، کە بڵێن وەڵا وێنەگرەکە بەووێنەیەوە زۆر هیلاك نەبووە یان هەر هیلاك نەبووە، ئەم شتانە پەیوەندیان بە بابەتی حەرامێتی وێنەوە نییە.

ئێمە لەو بەڵگانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون بۆتەوە کە وێنەی گیانلەبەر بەهەموو شێوەکانیەوە حەرامە، ئیتر بە هەر ئامێرێك دروستکرا بێت یان کێشرابێت یان گیرابێت، وێنە هەر وێنەیە، چونکە یاسای شەرعیمان هەیە لەم بارەیەوە کە دەفەرموێت:(الحكم يدور مع علته وجوداً وعدماً).

[٢٦] (وە ئەگەر دیجیتاڵی بێت: دەرهێنانی میمۆریەکە و کردنی بە کۆمپیوتەرەوە و یا بردنی بۆ تاقیگە – مختبر – یان کۆپی کردنی لەسەر سیدی یان لەسەر پۆستکارت یان خەزن کرن لەناو فلاش).

واتـــە: حوکمـــە شـــەرعیەکان پەیوەســـتن بـــە هـــەبون و نـــەبونی هۆکارەکانیانەوە.

هـ ـ ئەگەر وتمان باشە لە وێنەی فۆتۆگرافیدا(مضاهات) لاسایی کردنـەوەی خوای گەورەی تێدا نی‌یە چونکە دەقاودەق لە خۆی دەچێت، بەڵام ئـەی تـو ئـەو خوایە ئەو هۆکارانەی تری تێـدا نیـە کـە لـە پێشـدا باسمـان کـردن ؟ کـە بونەتـە مایەی حەرام بونی، خۆهەر هۆیەك لە هۆکانی بە تەنها خۆی دەبێتە هۆی حەرام بـونی، ئـەی ئایـا ئەگـەر هـەموو هۆکارەکـانی تێـدابێت دەڵێیـت چـی؟ فاللهم إنا نسألك هـداك والعمـل بمـا يرضيك ، والتوفيـق لمـا هـو الحق والصـواب ، وهـو أعلـى وأعلم .

[٢] ـ خوا ڕەحمیان پێ بکات و عەفویان بکات و لێیان خۆش بێت دەڵێن :

وێنەی فۆتۆگرافی کوتومت لە و وێنەیە دەچێت کەلە ناو ئاو یان لە ئاوێنەو هەر ڕویەکی سافولوس دا دەردەکەوێت، وەکەسیش ناتوانێت بڵێت ئـەو وێنانـەی کە لەناو ئـاو یـان ئاوێنـەدا بەدەردەکـەون حـەرامن چـونکە ئـەوانیش وێنـەن، وە ئەوەی کەچوە بەر ئاوێنە و خـۆی بـینی ئـەوە پێـی نـا گوترێـت وێنـەگر، جـا بـە قسەی خۆیان ئەمە یەکێکە لەبەڵگە هەرە بەهێزەکانیان.

**ئێمەش دەڵێین :**

أ ـ ئەم قیاس کردنەیان ئەوندە داماوە کە یـەك ناگرێتـەوە نەلەگـەڵ هـۆی حـەرام بونەکـە وە ن لەگـەڵ حـوکمی حـەرام بونەکـە، چـونکە لـە بنـەماو یاسـا شەرعیەکاندا گوتراوە کە (القیاس مع الفارق باطل).

واتە: قیاس کردن لەگەڵ هەبونی جیاوازیدا بەتاڵە.

لەبەر ئەوەی ئەو وێنانەی کە لـە نـاو ئـاو یـان ئاوێنـەدا دەردەکـەون شـتێکی جـێگیرنین بـەڵکو گـۆڕاون، کاتێـك دەردەکـەون و دەبینـرێن کـە لەبەرامبەریانـدا بوەستین جا هەر کاتێك لە بەرامبەریاندا نەماین ئەوا ئەوانیش نامێنن، بـەڵام وێنـە بەگشتی وە فۆتۆگرافیش چەسپاوو جێگیرن، یان لەسەر کاغـەزو مقـەبای تایبـەتی خۆی کە پێـی دەڵـێن (پۆسـت کـارت) یـان لـە شاشـەی ئامێرەکاندا(تەلـەفیزیۆن، مۆبایل، کۆمپیوتەر و هتد).

جا بۆیە دەڵێن قیاس کردنی شتی جێگیر ناکرێـت لەگـەڵ شـتی جـۆڵاو، ئەمـە پێی دەگوترێ قیاس لەگەڵ هەبونی جیاوازیدا (القیاس مع الفارق).

ب ـ کەس نەبینراوە و نەبیستراوە کە بەکەسێك کە لە بەردەم ئاوێنەیەکدا دەوەسـتێت بلێـت ئەمـە وێنـەگرە! چـونکە ئـەوکارە وێنـەگرتن نـیـە ، نـە لەزمانەوانیدا وە نەلەعورف و عادەتی خەڵکیشدا، ئیتر لە شەرعیشـدا نـاو نانرێـت وێنە، بەڵام بەو کەسـەی کـە وێنـەی فۆتـۆگرافی دەگرێـت دەگوترێـت وێنـەگر، لـە زمانەوانیداو لە عورف و لە شەرعیشدا، ئیتر چۆن قیاسی شتێك کە لەزمانـەوانی و

لەعورف و لەشەرعیشدا پێی بگوترێت وێنە، قیاس دەکەیت لەگەڵ شتێکدا کە لـە هیچیاندا پێی نەگوترێت وێنە؟ ئەم قیاس کردنەشـتان هـەر قیـاس کردنـە لەگـەڵ هەبونی جیاوازی (القیاس مع الفارق).

ج ـ ئەوکەسەی کە دەچێتە بەردەم ئاوێنەو هاوشێوەکانی، وێنەکەی بەبێ ئەنجامـدانی هـیچ کارێـك لەخۆیـەوە دەردەکـەوێت، پەنجـە نانێـت بـە هـیچ دوگمەیەکدا، بەڵام وێنەگری فۆتۆگرافی زیاتر لە چەند کارێـك ئـەنجام دەدات، وەك ڕێککردنی کامێراکە کە پێی دەگوترێت (زوم کردن) بۆ ئەوەی وێنەکە ناڕێـك یـان تەڵخ دەرنەچێت نەبێت، پەنجەنان بە دوگمەی وێنەگرتن یـان نانـەوەی بـۆ چـەند چـرکەیەکی دیـاری کـراو (توقیت) دەرهێنـانی فلیمەکـە، شـۆردنەوەی ...هتـد، ئەوەی ئەودوانە وەکویەك سـەیربکات وەك وایـە بڵێـت دوو شـت کـە خـوا جیـاواز دروسـتی کـردون مـن وەك یـەکیان دەبیـنم. (فإن المسوِّي بينهما مسوٍّ لما فرق الله بينه).

د ـ وێنـەی کەسـێك کـە لـە نـاو ئاوێنـەدا دەردەکـەوێت ئـەو هۆکارانـەی تێـدا کۆنابێتـەوە کـە بونەتـە بەڵگـەی حـەرامێتی وێنـە، نەلاسـایی کردنـەوەی خـوای گەورەی تێدایە، نە بۆ بەگەورەزانینە، نە پارەی تێدا بەبێ هۆ سەرف دەکرێت، نە دەبێتـە هـۆی دورخسـتنەوەی مەلائیکـەت، نـەخۆ چـواندنە بـە بـێ بـاوەڕان، بـە پێچـەوانەی وێنـەی فۆتۆگرافیـەوە، کـە سـەرجەم ئـەو هۆکارانـە یـان زۆرینـەیانی تێدایە.

هـ ـ وێنـەی نـاو ئاوێنـە دەجولێـت لەگـەڵ جـولانی کەسـی بەرامبـەری، بـە پێچەوانەی وێنەی فۆتۆگرافیەوە کە لە دوای وێنەگرتنەکە ئیتر ناجولێت.

ئەمانەچەند جیاوازیەك بوون کـە ناکرێـت قیـاس بکرێـت لـە نێوانیانـدا، لەبـەر ئەوەی قیـاس کـردن لەگـەڵ هـەبونی جیاوازیـدا پوچـە، وە لـە یاسـایەکی تریشـدا هـاتووە کـە دەفـەرموێت : (الشريعة لا تجمع بين مختلفين، كما أنها لا تفرق بين متماثلين) .

واتـە: لـە شـەریعەتی ئیسـلامدا بـۆ حـوکم دان بەسـەر شـتەکاندا دووجیـاواز کۆناکرێنەوە، وە دوو هاوشێوەش جیاناکرێنەوە، والله أعلم .

٣ ـ دەڵێین بەو یاسا شەرعیە وێنە حەڵاڵ دەکەین کە دەفـەرموێت: (الأصل في الأشياء الحل والإباحة حتى يقوم دليل المنع) .

واتە: لە بنەڕەتدا شتەکان حـەڵاڵ و ڕێپێـدراوون تـاکو بـە بەڵگەیـەك قەدەغـە نەکرێن .

لە وەڵامدا دەڵێین بەڵی ئەم یاسایە ڕاستە، بـەڵام بەڵگـەی حـەرام بـونی وێنـە هەیە، ئەو هەموو نمونەیەی پێشو هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە لـە بنەڕەتـدا گرتنی وێنەی گیاندار حەرامە، بـە هـیچ شـێوەیەك ڕێگـەی پـێ نادرێـت مەگـەر بـۆ پێویستی نەبێت وەکو باسکرا، والله أعلم.

ئابەم شێوەیە بە جوانی بۆت ڕوون بۆوە إن شاء الله تعالی بە گـوێرەی پیشـەی فەرمودەو بنـەماکان (الصناعة الحديثية والأصولية) کـە وێنـەی فۆتـۆگرافیش وەکـو جۆرەکانی تری وێنە حەرامە، هەر بەم گوتەیەش دەرون ئاسودەیی وەردەگرێـت و دڵ ئاودەخواتەوە و گومانی تێدا نامێنیٚ .

خوای گەورە چێژی وەرگـرتن و شـوێن کـەوتنی حـەقمان پـیٚ ببەخشـێت، وە بمان پارێزێت لە ناحەقی و بەتاڵ، فاللهم اهدنا للحق وارزقنا اتباعه ، وألهمنا رشدنا إنك أنت ربنا ، ولا حول ولا قوة إلا بك .

## کۆتـایی

ئەمەش کۆتایی نوسینەکەم بوو، کە کالاْیەکی بچوکە لەخزمەتتاندا، جا ئەگەر ڕاست و دروستیت تێدا بەدی کرد بزانە کە بێگومان لـە لایـەن خـوای گەورەوەیـە، وە ئەگـەر هـەر هەڵـە و کەموکووڕیـەکت تێـدا بـەدی کـرد ئـەوە لـە کەمتەرخـەمی خۆمەوەیە، هەر ئەوەندەشم توانی بەم خێراییە بنوسم.

والله ربنا أعلى وأعلم

وصلى الله على نبينا محمد ، وعلى آله وصحبه وسلم .

تەواو بوم لە نوسینی

لە بەرواری

٢٠٠١/٥/٢٩

٧/ ڕەبیعی یەکەم / ١٤٢٢ی

کۆچ کردنی خۆشەویست درودو سەلامی خوای لەسەر بێت

والله اعلى واعلم

وليد بن راشد السعيدان